دۆسیێ

# کوردانی فەیلی

ترازیدیای رابردوو، هیوا بۆ ئاینده

ساڵی نۆزدەهەم - ژمارە ( 5341 ) سێشەممە
( 30/ 11 / 2010 )

دۆسییەی کوردانی فەیلی، دۆسییەکی تایبەتی کوردستانی نوێ-یە بەبۆنەی ڕاگەیاندنی حوکمی کۆتایی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە بەسەر تاوانبارانی ڕاگواستن و شوێنبزرکردنی کوردانی فەیلی

کوردستانی نوێ

# "تاوانەکانی دژ بەکوردی فەیلی، لەچوارچێوەی شاڵاوێکی تۆقاندنی سەرتاسەریی بوو"



ترازیدیای کوردانی فەیلی برینێکی قووڵی جەستەی گەلی کوردە

سەرۆک تاڵەبانی رایگەیاند: ئەو تاوانە چەپەڵەی لەدژی کوردانی فەیلی ئەنجامدراون، بەهۆی رقوکینەی نەتەوەیی و تایەفییەوەو لەچوارچێوەی شاڵاوێکی تۆقاندنی سەرتاسەری بوو لەدژی هەموو ئەو عیراقییانەی کە دەسەڵاتداری زۆردار پێیوابوو رەنگە ببنە لەمپەرێك لەبەردەم سەپاندنی دەسەڵات و هەژموونی رەهای خۆی.

لەو ڕێورەسمە ماتەمینییەی کەلەسییەمین ساڵیادی کارەساتی راگواستن و شوێنبزرکردنی کوردانی فەیلی رۆژی 17/4/2010 لەبەغدا بەڕێوەچوو، وتاری سەرۆک تاڵەبانی لەلایەن جەلال ماشتە راوێژکاری سیاسیی سەرۆك کۆمار خوێندرایەوەو تێیدا تەئکیدی لەوەشکردەوە کەپاڵنەری دەسەڵاتپەرستانەی حاکمی زۆردار وایکرد تاوانەکانی بەتەنها دژی رکابەرە سیاسییەکانی نەبێت بەڵکو ژنان و منداڵ و پیرو گەنج و پیاوی بێتاوانیشی گرتەوە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەراوکێ چونکە ئەم دوو ئامرازە ئامرازی چەسپاندنی دەسەڵاتی تاکرەوین.

## پێشێلکردنی هەموو عورفێکی ئەخلاقی

لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، سەرۆك تاڵەبانی رایدەگەیەنێت: ئەمرۆژانە یادی سی ساڵەی کارەساتی راگواستن و شوێنبزرکردنی کوردانی فەیلی دەکەینەوە کەبوو بەیەکێك لەدرندانەترین ئەو تاوانانەی رژێمی جەورو ستەم ئەنجامیداون. هەروەها وتی: لەدرندانەترین پێشێلکارییی یاساو رێسا ئاسمانی و دنیایی و هەموو عورفێکی ئەخلاقی و یاداشتێکی نێودەوڵەتی، دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەوساو بە فەرمانی راستەوخۆی کەسی یەکەمی دەسەڵات کاری کرد بۆ بێبەشکردنی هەزاران کوردی فەیلی لەمافی هاوولاتیبوونی عیراق کە لەباووباپیرانەوە بەدەستیان هێنابوو، پارەو موڵکەکانیانی بەتاڵانبردو لەسەر سنور بەجێهێڵدران لەچاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار. ئەوەی کە لێشیان مایەوە برانە بەندیخانەی نوگرە سەلمانی تۆقێنەرو هەروەها بەندیخانەکانی دیکەو زۆریشیان بێسەروشوێن بوون و تا ئەمرۆش چارەنووسی زۆربەیان دیارنییە.

## چەوساندنەوە سنووری تێپەڕاند

لەبەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، سەرۆك تاڵەبانی ئاماژەی بەوەشدا کەبەداخەوە زۆر هێزی دەرەوەی عیراق ئاوڕیان لەگەورەیی و درندەیی ئەم تاوانەو زۆر تاوانی دیکەش نەدایەوە کەرژێمی رووخاو ئەنجامیدان و حیسابی بۆ دەرئەنجامەکانی نەدەکرد لەنێویشیاندا ئەوەبوو کەتامەزرۆیی چەوساندنەوە سنووریشی تێپەڕاندو پەلی کێشا بۆ ولاتانی دراوسێش و بەجۆرە رژێمی دیکتاتۆری بووە جێگەی مەترسیی لەئاستی ئیقلیمی و جیهانیدا.

وتیشی: وەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانە چەپەڵەی دژی کوردانی فەیلی ئەنجامدرا، دەبێ ببێتە بەربەستێك بۆ رێگەگرتن لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێت ولاتەکەمان شکست پێبهێنن و بمانگێڕنەوە سەردەمی حوکمرانیی زوڵم و ستەم، هەروەها لەبەردەم ئەوانەش کەدەیانەوێت بەهەر جۆرێك بێت مافی هاولاتیبوون بۆ ژیانێکی سەربەستانەی شەرەفمەندانە لەبار بەرن جا ئینتیما نەتەوەیی یان ئایینی یان مەزهەبییەکەی هەر چییەك بێت. هەروەك تاڵیی زیانەکان و قووڵیی ئەو برینانەی کە ئەو کارەساتە لەدەروونی خەڵکی ئەو سەردەمەی جێهێشتووە کەلەو رۆژگارە رەشانەدا ژیاون، داوامان لێدەکات کاربکەین لەپێناو هەقدان بە قوربانیانی تاوانەکەو گێڕانەوەی تەواوی مافەکانیان و بەنەمریی هێشتنەوەی یادی شەهیدەکانیان.

کوردی فەیلی

## مێژووی سەرفرازانەیان و خەباتی نیشتمانییان



4+5+6

## هەڵمەتەکانی ڕاگواستنی فەیلییەکان لەزمانی ڕاگوێزراوەکانەوە

7

## ئایا کوردە فەیلییەکان کەمینەن یان نەتەوەی دووەمی عیراقن؟



8+9

## فەیلییەکان.. مێژوو و هۆزو کەلە پووری نەتەوەیی




11

# گەڕانەوەی ناسنامەو ماف بـــۆ کـــوردانـــ

٧

هەولێر، تەها عەبدوڵڵا

**کوردە فەیلییەکان وەك بەشێکی گرنگ و دانەبڕوای گەلی کورد، لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، ڕووبەڕوی چەندین تاوانی کوشتن و راگواستن و دەربەدەری هاتوون، لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەو گۆڕانکاریانە نەبووە رێگەخۆشکەر بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان.**

## کێشەکە سیاسییە

بەوتەی چاودێرانی سیاسی کێشەی کوردە فەیلیەکان کێشەیەکی سیاسیەو کاتی خۆی بەبریاری سیاسی ئاوارەو دەربەدەرکران، هەردەبێ بەبریاری سیاسیش بگەرێنەوە، هەروەها پێیانوایە هەرچەندە وەکو پێویست کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان نەکراوە، بەڵام کوردە فەیلیەکان وەك ناسنامە وەك شوێنی جوگرافیان، زامنی پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی کوردە لەعیراق.

پرۆفیسۆر د.خەلیل ئیسماعیل مامۆستا زانکۆ سەبارەت بەهۆکارەکانی ئاوارەکردن و راگواستن و ئەنفالکردنی کوردە فەیلییەکان ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکات، لەوانە هۆکاری مێژوویی و جوگرافی وتی: ئەگەر لەرووی مێژووییەوە سەیری کێشەکە بکەین، دەبینین دوای دروستبوونی دولەتی عیراق لەجەنگی جیهانی یەکەم، کە لەدوو ویلایەتی بەغداو بەسرا پێکهاتبوو، پاشان کە بەریتانییەکان زاڵبوون بەسەر عوسمانییەکان، بەبەرژەوەندی خۆیان زانی ویلایەتی موسل بەعیراق بلکێنن، بۆیە دەولەتی عیراق بووە سێ ویلایەت، لێرەوە کێشەی کورد دەستیپێکردو بەتایبەت کوردە فەیلییەکان، چونکە سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی بووە سنووری نێوان عیراق و ئێران، ئەویش ناوچەی کوردنشین بوون واتە کوردی فەیلی، هەروەها بەهۆی جیاکردنەوەی کوردە فەیلییەکان لەعیراق و خستنە سەر ئێرانی شیعە، کوردە فەیلییەکان بەلایەنگیری ئێرانی لەقەڵەمدران، پاشان سیاسەتی بەعەرەبکردن دەستیپێکرد، ئەویش بەسێ میحورە بوو، یەکێکیان بەعەرەبکردنی سنووری پارێزگای موسڵ، دووەمیان لەپارێزگای کەرکوك، سێیەمیان ناوچەکانی کوردە فەیلییەکان کە لەبەغدا تا سنووری عیراق لەگەڵ ئێران بوو، ئەمەش وایکرد بەچەندین قۆناغ کوردە فەیلییەکان ئاودیوی وڵاتی ئێران بکەن، کێشەکە زیاتر لەدوای رووخانی رژێمی مەلەکی عیراق ئاڵۆزبوو، چونکە لەو کاتەوە کێشەی سیاسی لەنێوان عیراق و ئێران سەریهەڵدا.

سەبارەت بەهۆکاری جوگرافی د.خەلیل ئیسماعیل دەڵێ: ئەگەر سەیری جوگرافیای عیراق بکەین، نزیکترین شوێن بۆ بەغدای پایتەخت، لەلای رۆژهەڵاتە کە تەنیا دووریەکەی 150 کیلۆمەترە، ناوچەکەش زۆربەیان دانیشتوانەکەی کوردی فەیلین، وەك پارێزگاکانی کوت و دیالە بەبەغدا خۆشییەوە، واتە ناوچەکە ناوچەیەکی ستراتیجی ئاڵۆزە بۆ عیراق، چونکە لەکاتی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا، ئێران بەئاسانی دەتوانێ بەغدای پایتەخت کۆنترۆڵ بکات، بۆیە عیراق پیلانی دانا چۆن ئەو ناوچانە لەکوردە فەیلییەکان پاك بکاتەوە، ئەوەبوو لەشەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو، وەك ئامادەباشییەکان بۆ جەنگی عیراق- ئێران شاڵاوەکانی دژ بەکوردە فەیلییەکان دەستی پێکرد.

## بەردەوامبوونی کێشەکە

هەر سەبارەت بەرەوشی کوردە فەیلیەکان د. خەلیل ئیسماعیل وتي: دوای راپەرینی ساڵی 1991ی خەڵکی کوردستان و عیراق کە زۆربەی خاکی هەرێمی کوردستان ئازاد کران، بەڵام ناوچەی کوردە فەیلییەکان مایەوەو ئەو ناوچانە لەبەعەرەبکردن و چەوسانەوەیان هەر بەردەوام بوون، هاوکات دوای رووخانی یەکجارەکی



تاوانەکە جیاوازیی نەکرد لەنێوان ژن و پیاوو گەورەو بچوك

رژێمی لەناوچووی بەعس لەساڵی 2003، کوردە فەیلییەکان بەهەلیان زانی بۆ ئەوە بگەرێنەوە وڵاتی خۆیان و مافە زەوتکراوەکانیان وەربگرنەوە، بەڵام بەداخەوە دوای نەمانی سەدام و دروستبونی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، کێشەکانی کوردە فەیلییەکان هەر بەردەوام بوو، تاکو ئێستا کێشەی ناسنامەو مافی هاووڵاتی بوون و مافە نەتەوەیی خۆیان وەرنەگرتۆتەوە، چونکە تاکو ئێستا ناوچەکانیان بەشێك نییە لەهەرێمی کوردستان، بەڵکو کێشەکانیان بۆتە بەشێك لەناوچە دابراوەکان و ماددەی 140، ئەویش تاکو ئێستا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، هەروەها بەهۆی ئاورنەدانەوە لەبارو گوزەرانیان، تاکو ئێستا کوردە فەیلییەکان ئاوارەو دەربەدەرن و لەلایەن هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا وەکو پێویست ئاوریان لێنەدراوەتەوە، جگەلەوەش تاکو ئەمرۆ ناوچەکانیان بەعەرەب دەکرێت و دژایەتی خەڵکەکەی دەکرێت.

سەبارەت ئەگەرەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان، لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 د. خەلیل وتی: بەداخەوە ئەو ناوچەیە خرایە ناو چوارچێوەی ماددەی 140 و ناوچە دابراوەکان، واتە خۆمان دانمان بەوەدانا کە ئەو ناوچانە کێشەیان لەسەرە، چونکە حکومەتی عیراق بەهەموو لایەنەکانیانەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە نین، بۆیە من جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە لەکاتێکی نزیك بەزەحمەت دەزانم، هەروەها لەماوەی حەوت ساڵی رابردوو نوێنەرانی کورد لەبەغدا، ئەوانەی لەئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان پۆستیان هەبوو، وەکو پێویست پۆستەکانی خۆیان بەکارنەهێناوە، ئینجا ئایا ئەو سستیە پەیوەندیی بەتواناکانی خۆیان هەیە، یاخود حکومەتی عیراقی فیدراڵ تاکو ئێستا وەك حکومەتێکی ناوەندی هەڵسوکەوت دەکات و رێگا بەبەکارهێنانی دەسەڵاتی لایەنەکان نادات.

ئەمانە هەمووی وایانکردووە، ئێمەی کورد لەهەرێمی کوردستان نەتوانین کوردە فەیلییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لەبەغدان لەبەرژەوەندیی نەتەوەکەمان بەکاربهێنین، نموونەش بۆ ئەمە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق لەساڵی 2005 تەنیا یەك کورسیمان لەبەغدا هێنا، بەڵام لەهەڵبژاردنی 2010 ئەو کورسیەشمان لەدەستدا، لەکاتێکدا پارتە شیعە عەرەبەکانی عیراق هەولدەدەن و بەردەوامیشن بۆ راکێشانی کوردە فەیلیەکان بۆ لای خۆیان، بۆ ئەمەش ئەوان توانیان هەنگاوی باش بنێن، پێموایە ئەگەر ئەو کەمتەرخەمیە بەرامبەر بەکێشەی کوردە فەیلییەکان بەردەوام بێت کاریگەری خراپتری دەبێت، ئەمەش لەهەڵبژاردنی داهاتووی عیراق زیاتر دەردەکەوێت.

## دۆسێی کوردە فەیلییەکان لەدادگا

لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق و دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، چەند دۆسێیەك تایبەت بەکورد کرایەوە، لەوانەش دۆسێی راگواستن و دەربەدەرکردنی کوردە فەیلییەکان بوو، لەوبارەیەوە، د.خەلیل ئیسماعیل وتی: کردنەوەی دۆسێیەك لەدادگای باڵای تاوانەکان کردنەوە دەرگایەکە، چونکە لەو دۆسیەیە بەبەڵگەو دیکۆمێنت لەپێش چاوی هەموو جیهان باس لەنەهامەتیەکانی کوردە فەیلییەکان دەکرێت، بۆئەوەی جیهان بزانن ئەوانە چیان بەسەر هاتووە.

د. تاڵب موراد راوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ ئاسایشی خۆراك وەك کەسایەتییەکی کوردی فەیلی هۆکاری سەرەکی راگواستنی کوردە فەیلیەکانی بۆ هۆکاریی نەتەوەیی گەراندەوەو پێیوابوو: یەکێك لەهۆکارەکانی راگواستنەکەو بێبەشکردنی کوردە فەیلییەکان لەناسنامەی خۆیان هۆکاری نەتەوەیی بوو، دواتر مەزهەبی بوو، چونکە ئەگەر تەنیا هۆکاری مەزهەبی بێت، ئەوا حکومەت هەموو شیعەکانی عیراقی دەردەکرد، هەرچەندە پرۆسەی راگواستن و دەربەدەرکردنی کوردە فەیلییەکان لەشەستەکان دەستیپێکردووە، بەڵام کاتێك رێککەوتنامەی 11ی ئازاری 1970 لەنێوان شۆرشی کوردو حکومەتی بەغدا ئیمزاکرا، بەهەزاران کوردی فەیلی لەبەغدا رژانە سەرشەقامەکان، ئەمەش وایکرد بەعس ترسێکی گەورەی لەلادروست بێت و بیر لەکۆنترۆڵکردنیان بکاتەوە.

د. تاڵب وتیشی: کێشەی کوردە فەیلییەکانی ئێستا بۆتە کێشەیەکی سیاسی، چونکە کاتی خۆی بەبریاری سیاسی ئەو کارانە ئەنجامدراون، هەر دەبێ بەبریاری سیاسی مافەکانیان بۆ بگەرێتەوە، بەڵام تاکو ئەمرۆ ئەو کارە نەکراوە، ئاوارەبوونی و بێشوێن و جێگای کوردە فەیلییەکان و بێبەشکردنیان لەناسنامە هەر بەردەوامە، چونکە دوای راپەرینی 1991 زۆربەیان گەرانەوە کوردستان، بەڵام بەهۆی



ژمارەیەك پێشمەرگەی کوردانی فەیلی لەسەردەمی شاخ

# ـــى فەیلی پێویستی بەبڕیارێکی سیاسی هەیە

ئازادنەبوونی ناوچەکانیان بێ شوێن مانەوە، دوای پرۆسەی ئازادی عیراقیش لەساڵی 2003 هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەستپێنەکردووە، چونکە تاکو ئێستا ناسنامەیان نییە، ئەگەر هەشبێت کاتیەو نیشانەیەکی لەسەرە، کە ئەوانە کوردی فەیلین و تابعی ئێرانن، هەروەها تاکو ئەمڕۆ ناوچەکانیان وێرانەو هیچ خزمەتگوزاریەکی تێدا نەکراوە، ئەمانەش هەموو ڕێگرن لەگەرانەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردی فەیلی.

ڕاوێژکارەکەی سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەشکرد: هەرچەندە بەشدارپێکردنی کوردە فەیلییەکان لەپۆستە باڵاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست نییە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کارەساتەی بەسەر کوردە فەیلییەکان هاتوو، هەستی نەتەوەییان لاواز نەبووە، ئەمەش لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقی ساڵی 2005 بەدیارکەوت، کاتێك کوردە فەیلییەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئێران دەنگیان بەلیستی هاوپەیمانی کوردستاندا، هەروەها هەرچەندە کوردە فەیلییەکان تەلەفزیۆن و کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆیان نییە، بەڵام لەرووی ڕۆشنبیریی و زمانەوە خۆیان پاراستوەو لەلەهجەی خۆیان هیچ کێشەیەکییان نییەو توانیویانە زمانی خۆیانت بپیارێزن، ئەوەی دەڵێ کوردی فەیلی لەرووی زمانەوە لاوازە وانییە، بەس لەهجەی جیاوازە.

## قورگی ئابووری عیراق

ی.پ.د. نەجم ئەڵوەنی مامۆستای بەشی مێژوو لەزانکۆی سەلاحەدین لەسەر هەمان بابەت بۆچوونی خۆی خستەروو ڕایگەیاند: کوردە فەیلییەکان بەشێکی زۆر گرنگ و چوست و چالاکی نەتەوەی کوردن و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوان یان لە پایتەختە یان یان لەشارە نزیکەکانی پایتەختە، وەك خانەقین و مەندەلی و کوت و عەلی غەربی و عەلی شەرقی، هەروەها لەرووی چالاکی سیاسی لەشۆرشی ئەیلول بەشێکی زۆریان لە کوردە فەیلییەکان بەشدارییەکی زۆر گرنگیان لەشۆرش کرد، بەهەمان شێوە لەهێرشەکەی بەعس بۆ سەر حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، کوردە فەیلییەکان زۆر بەرگرییان کرد، دواتر لەرووی ئابوورییەوە کوردە فەیلییەکان زۆر دەوڵەمەند بوون زۆربەی بازرگان و دەوڵەمەندەکانی بەغدا کوردی فەیلی بوون، بەشێوەیەك دەوترا قورگی ئابووری هەموو عیراق بەدەست کوردە فەیلییەکانە، هەروەها لەرووی چالاکی ڕۆشنبیریانەوە، خەڵکێکی زۆر ڕۆشنبیریان تێدا بوو، بۆیە حکومەتی عیراق هەر لەکاتەوە بیری لەوە کردەوە کە چۆن بتوانێت چارەسەری ئەو کوردە فەیلییانە بکات بۆئەوەی شۆرشی کوردی سوودیان لێوەرنەگرێت و نەبنە پردێك بۆ بەستنەوەی هەردوو پارچەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بۆیە حکومەتی عیراق کوردە فەیلییەکانی بەمەترسییەکی گەورەی بۆ سەر خۆی دەزانی، هەر لەکاتەوە پیلانیان دانا بۆئەوەی ئەو کوردە فەیلییانە دەربەدەر بکەن.

## قۆناغەکانی ڕاگواستن

نەجم ئەڵوەنی باسی قۆناغەکانی ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکانی کردو وتی: هەر لەساڵانی شەستەکانەوە هەڵمەتی ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان دەستپێکرد، بەتایبەتی لەبەغدا، تەنیا لەساڵی 1970 لەکاتی ڕێککەوتننەمەی 11ی ئازار، 200 خێزان کوردی فەیلی ئاوارەی ئێران کردو دەستیان بەسەر ماڵ موڵکیاندا گیراو بەڵگەنامەی هاووڵاتیبوونیان لێزەوت کرا، هەر ئەمەش وایکرد لەرێککەوتنامەکەی شۆرشی کورد لەگەڵ بەغدا لەساڵی 1970 مەلا مستەفا بارزانی یەکێك لەمەرجەکانی داوای کرد کەجێگری سەرۆکی عیراق بۆ کوردی فەیلی بێت، کە حەبیب ئەحمەد کەریم دەستنیشانکرابوو، بۆئەوەی جارێکی تر زوڵم لەکوردی فەیلی نەکات، بەڵام بەهۆی عەقڵیەتی نەتەوەپەرستی و مەزهەبپەرستی حزبی بەعس، لەدژایەتیکردنی کوردە فەیلییەکانی بەردەوام بوو، ئەویش لەدوا شەپۆلی لەمانگی نیسانی ساڵی 1980 بوو کەبەسەدان خێزانی کوردی فەیلی ژن و منداڵیان بەناوی کێڵگەی مین و سامناکترین شەڕی نێوان عیراق و ئێران تێپەرکرد، بەو کارە دەیانیان شەهیدو پەککەوتە بوون، بەسەدان گەنجیان لەتەمەنی 9ساڵی تا 23ساڵی شوێن بزرکردو هەندێکیشیان لەزیندان لەژێر ئازارو ئەشکەنجە شەهید بوون.

## دەستە ڕاستی کورد

سەبارەت بەهەلومەرجی گەرانەوەی کوردە فەیلییەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و گەرانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان، د.نەجم ئەڵوەنی وتی: لەعیراق ملیۆنێك تا ملیۆن و نیوێك کوردی فەیلیمان هەیە، ئەگەر هەلومەرجی گەرانەوەیان بۆ برەخسێت ئەوان دەستی ڕاستی کوردن و شواری پۆڵایین دەبن بۆ کوردستان، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین مافەکانیان بگێڕینەوەو هەست بەو زوڵمە نەتەوەیە نەکەن، واهەست نەکەن کە برا کوردیەکانیان لەهەرێمی کوردستان پشتگیریان ناکەن، بەڵکو هەست بکەن ئەوان بەشێکی دانەبراون لەکورد، ئەگەر ئەوە نەکرێت ئەوە زۆر زەرەر دەکەین ئەمەش لەهەردوو هەڵبژاردنی 2005 و 2010 دەرکەوت، بەڵام لەکاتی ئێستا کوردە فەیلییەکان لەدووریانێکی زۆر سەختدا دەژین، چونکە ئەگەر بەلای مەزهەبدا بروات و بەدوای پارتە شیعەکان بکەوێت زیانێکی گەورە دەکات، ئەگەر بەدوای کورد بکەوێت کە بەهۆی نەگەرانەوەی ناوچەکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نەتوانراوە یارمەتی بدرێن، لێرەوش وەك پێویست کاریان بۆ نەکراوە.

سەبارەت بەکاریگەرییەکانی ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان د.نەجم پێچەوانەی د.تاڵب پێی وابوو ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەکانیان، وایکردووە هەستی نەتەوەیان لاوازبێت و وتی: هەموو ئەمانەی بەسەر کوردی فەیلی هات وایکرد کوردی فەیلی لەزۆر لاوە بەرەو دواوە بگەرێنەوە، لەوانە جاران زۆرترین توێژی خوێنەر لەناو کوردە فەیلییەکاندا بوو، ئێستا کەمترین ڕێژە خوێنەریان تێدایە، لەرووی ماددییەوە زۆربەیان ئاستی بژێویان لاوازە، چونکە کوردە فەیلییەکان وەك کوردەکانی تر کاتێك گەرانەوە وڵات لەرووی دابینکردن و شوێنی نیشتەجێبوون و دابینکردنی ئیشوکارو دامەزراندن ئاوریان لێنەدراوە، ئەمانە هەمووی کاریگەریان لەسەر هەستی نەتەوەیی کردو وایکرد بەشێکیان لەهەڵبژردنەکانی ئەمدواییەی پەرلەمانی عیراق، دەنگ بەپارتە عەرەبە شیعەکان بدەن، بەو ئومێدەی ئەوانە وەك پارتێکی گەورە لەعیراق مافەکانیان بۆ بگەرێننەوە.

هەروەها تاکو ئێستا لەناوچەکانی خۆیان زەویە کشتوکاڵیەکانیان نەدراوەتەوەو هەر بەناوی ئەو عەرەبانەیە کە لەسەردەمی بەعس پێیاندرابوو، ئەمە لەکاتێکدا لەدەستووری تازەی عیراق هاتووە کە دەبێ کوردی فەیلی ماف و ناسنامەیان بۆ بگەرێتەوە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ ئەمە جێبەجێنەکراوەو نەتوانراوە کێشەی کوردە فەیلییەکان بگەیەنرێتە ئاستی وڵاتانی دنیا، بۆئەوەی ڕێکخراوە جیهانی و خێرخوازییەکان بەرگری لێبەکەن، ئێستا کوردی فەیلی هەست دەکات لەبەغدا کەس بەرگری لێناکات و لەهەرێم کاریان بۆ ناکرێت.

د. نەجم بەپێویستی زانی دەبێ هەوڵبدرێ کوردە فەیلییەکان بۆ لای خۆمان بگەرێنینەوە دەبێ هەڵبدەین لەرێگای پارتە کوردییەکان بیانگەرێنینەوە ناو حزبە نەتەوەییەکان، تاکو هەستی نەتەوەیان وەك جاریان ببووژێتەوەو سەنگەری یەکەمی کوردایەتی بن، هەروەها هەست بەدڵساردی نەکەن و هەست نەکەن کێشەکانیان ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت.

## دابەشبوونی زمان

دواجار ئەو پرۆفیسۆرە ئاماژەی بەمەترسییەکی تری چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان کردو وتی: هەرکاتێك فەیلی لەنەتەوەی کورد دابرێت گەورەترین زیان بەر نەتەوەکەمان دەکەوێ، لەوانە دابرانێکی گەورە لەنێوان هەردوو پارچەی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست دەبێت، هەروەها لەرووی زمانەوە، زمانی کوردی دوو کەرت دەبێت، چونکە شەش ملیۆن کوردی فەیلی لەئێران بوونیان هەیەو لە قەسری شیرین تا ئەسفەهان دەژین.



## کوردی فەیلی

# مێژووی سەرفرازانەیان

دکتۆر منذر الفضل



ئاشکرایە گەلی کورد بەشێکە لەنەتەوەی کوردی رەسەنی بەشبەشکراوو زوڵلێکراو لەرووی مێژوویییەوە، کورد گەلێکی بێ دەوڵەت نین بەڵکو (نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتن)، ئەگەرچی مێژووی کورد بۆ زیاتر لە(5)هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوەو لەسەر خاکی خۆیاندا هەبوون ئەو خاکەی بە(خاکی کورد یان کوردستان) ناودەبرێت کەنیشتمانی نەتەوەی کوردە.

ناوی کۆنی کورد (میدییەکان) لەکتێبە پیرۆزە کۆنەکاندا هاتووە لەوانە تەورات یاخود راسپاردە کۆنەکان (عەهدی قەدیم)، بۆیە بوونی کورد لەسەر خاکی خۆیاندا لەخۆرئاوای ئێران و باشووری تورکیا تاشەنگارو زنجیرە چیای حەمرین لەرووی مێژوویییەوە شتێکی چەسپاوە بەم پێیەش بوونی کورد لەسەر خاکی چیاکان یاخود هەرێمی جیبال (میدیا) لەبوونی گەلەکانی دیکە کۆنترە، ئەم ناوچەیە دواتر بەتایبەتی پاش جەنگی یەکەمی جیهان دابەشکراو نەتەوەی کورد پارچەپارچە بوو، بوو بەچەند گەلێك لەکوردستانی عیراق (کوردستانی باشوور) و خۆرئاوای ئێران و کوردستانی باکوور لەتورکیا، هەروەها لەسوریا دەژین، لەپاڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری کورد کە لەپێناوی گەران بەدوای ئارامیدا بەرەو ئوردن و لوبنان و وڵاتانی دیکە کۆچیان کردووە.

کوردی فەیلی گەلێکی رەسەنن و لەسەر خاکی شارستانییەکاندا ژیاون و بەشێکن لەم نەتەوەی کوردە، چەندین مێژوونووس باسی ئەوە دەکەن کەئەوان پاشماوەی ئیلامییەکان یاخود گۆتییەکانن، لەناوەراست و باشووری عیراقدا (مەندەلی، زرباتیە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکوك، بەغداو شارەکانی دیکەی عیراق لەپاڵ شارەکانی دیکەی ئێراندا).

### رەچەڵەکی کوردانی فەیلی

کوردی فەیلی رەچەڵەکیان بۆ چەند هۆزێکی جوامێری کورد دەگەرێتەوە کەبەئازایەتی و خەسڵەتی چاکەکانی چاوتێری و لێبوردەیی و جێبەجێکردن و رێزگرتنی بەڵێن ناسراون و لەناوچەی خۆزستان و خۆرهەڵاتی عیراقدا ژیاون بەتایبەتی لەخۆرهەڵاتی دیجلەدا کەیەکێکە لەکۆنترین ناوچە مێژوویییەکان لەعیراقداو کۆنترین رێسای لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تێدا پەیدابووە.

لەراستیدا بنەچەکی ناوی (کوردی فەیلی) بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەمێژوونووسانی عەرەب ئەو ناوەیان لەو کوردانە ناوە کە لەکوردستانی ئێران (چیاکانی زاگرۆس)ەوە هاتوون و سەدان ساڵە توانیویانە ئاوێتەی کۆمەڵگەی عیراق بن و لەپیشەی کاری بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازیدا



سەرکەوتووبوون، لەچەندین گۆرەپانی جوڵانەوەی نیشتمانی عیراق بەگشتی بەدەرکەوتوون بەتایبەتی لەرووی چالاکی نیشتمانی عیراقییانەیان.

لەریزەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردو لەریزەکانی حزبی شیوعی عیراق و حزبی دەعوەو جوڵانەوە سیاسییەکانی دیکەدا، بگرە لەنێو کوردی فەیلیدا چەندین ناوی درەوشاوە لەجوڵانەوەی نیشتمانی عیراق و مێژووی سیاسی عیراقدا دەرکەوتوون. کوردی فەیلی زۆربەیان سەر بەمەزهەبی ئەهلی بەیت واتە مەزهەبی شیعەن، ژمارەیەکی کەمیشیان شیعە نین.

گەلێکن بێوەی و بەگشتی بەبەڵێن بەجێگەیاندن و رێزگرتن لەپەیمان و راستگۆیی و دەستپاکی لەچالاکییە بازرگانی و ئابوورییەکانیاندا ناسراون و ناوبانگیان بەهیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی یاخود کردەوەی توندوتیژی سیاسی لەکەدار نەبووە.

لێرەدا پرۆفیسۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد (گۆڤاری گوڵانی عەرەبی - 10/ 2002) دەڵێت: کوردی فەیلی رەچەڵەکی راستەقینەی گەلی لورن، لوریش بەشێکن لەنەتەوەی کورد، بەگوێرەی ئەوەی لەئینسایکلۆپیدیاکەی شەمسەدین سامی و سەرچاوەو کتێبەکانی دیکەدا باسکراوە، هەروەها مینۆرسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەلور کۆمەڵێك تیرەی کۆچەرن و بنەچەکیان بۆ گەلانی هیندۆ ئەوروپایی دەگەرێتەوە.

کوردی فەیلی زۆر مەینەتییان بەدەست ململانێی گەورەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فارسەکاندا چەشتووە چونکە دانیشتووی ئەو ناوچانە بوون کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کردن.

بەهۆی سروشتی گەلی کوردەوە کەگەلێکی ئاشتیخوازەو دژی شەروشۆرە، ئەوا کوردی فەیلی و چەندین عەرەبیش رەگەزنامەی ئێرانییان هەڵبژارد تاوەکو لەعەسکەریکردن لەریزی سوپای تورکدا رزگاریان بێت کە لەکاتی جەنگی جیهاندا خزمەتی سەربازی ئیجبارییان سەپاندبوو، کەدواتر ئەو کارە لەلایەن رژێمە حوکمرانە عەرەبە پراوپر لەبیری رەگەزپەرستانەی شۆڤێنی بەرتەسك بوو بەڵاو کارەسات بۆیان، لەکاتێکدا بەشێکی دیکەی کوردی فەیلی و عەرەب و خەڵکانی دیکەش تەبەعیەتی عوسمانییان هەڵبژاردو زۆرێك لەوانە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا عەسکەرییان کردو ئیدی بووە خەسڵەتێکی باش بۆیان تا ناسنامەی عیراقی و ئینتیمایان بۆ نیشتمان بسەلێنن! وەك بڵێیت پاشکۆیەتی (تەبەعیەت) بۆ دەوڵەتی عوسمانی شەرەفێکی ئەوەندە گەورەو خەسڵەتێکی باش بێت کەهاوتای نەبێت و تاکە پێوەر بێت لەسەلماندنی ناسنامەی هاووڵاتیبوون بۆ عیراق.

### رزگاربوون لەعەسکەریی عوسمانی

باپیرێکم لەساڵی (1966)دا چەندین بەسەرهاتی لەبارەی شێوازەکانی خۆدەربازکردن لەعەسکەری کرد، لەریزی سوپای عوسمانی لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا بۆ گێرامەوە، لەوانە شێوازی شاردنەوەی گەنجان تاوەکو نەچنە جەنگ لەسیبریاو ئەستانبوڵدا، کاتێکیش لێم پرسی بۆچی قاچێکت بردراوەتەوە، لەوەڵامدا وتی: ئەوە بەهۆی جەنگ بوو لەریزی یەکەکانی سوپای تورك و لەزستانی پر سەرماوسۆڵەی روسیاو ئەوروپاداو بەهۆی بەستنی پێڵاوە سەربازییەکەی بوو کەبۆ ماوەیەکی زۆر نەیتوانیبوو لەپێی بکاتەوە، سەرەنجام بوو بەمایەی رەشهەڵگەرانی قاچی و برینەوەی. هەروەها ناوی چەندین هاورێی خۆی بۆ هێنام کەئەوسا تەرمیان لەگۆرەپانی شەرەکاندا جێمابوو.

### کوردی فەیلی هێڵی یەکەمی بەرگرین لەجوڵانەوەی نیشتمانی و بەگژداچوونەوەی دکیتاتۆرییەتدا:

سەبارەت بەرۆڵی کوردی فەیلی لەجوڵانەوەی رزگاریخوازی کورددا ئەوا وەکو هێڵی یەکەمی بەرگریبوون لەخەباتی خۆیان لەپێناوی ئازادیی گەلی کوردو وەدەستهێنانی مافە رەواکانی خۆیدا لەوانە مافی رەوای چارەی خۆنووسین.

لەم بارەیەشەوە تێکۆشەری بەرێز مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا (بارزانی و جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد-بەرگی 3) دەڵێت: کوردی فەیلی لەسۆنگەی پاڵنەری نیشتمانییانەی بێگەردەوە بەرێژەیەکی زۆر دەبوونە ئەندامی پارتی و لەنێویاندا هی واهەبوون گەیشتنە پۆستی سەرکردایەتی لەحزبەکەدا.

رەنگە دیارترین کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردی فەیلی لەجوڵانەوەی نیشتمانی عیراقدا چ لەجووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بووبێت یان جوڵانەوەی دیکەی

# ن و خەباتی نیشتمانییان

(کورد گەلێکی بێ دەولەت نین بەلکو نەتەوەیەکی بێ دەولەتن)

بریتیبوون لە: دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و حەبیب مەحمەد کەریم و مەلا حەکیم خانەقینی و جەلیل فەیلی و زەکیە ئیسماعیل حەقی و شەهید لەیلا قاسم و عەزیز حاج و دۆستی ئازیز خوالێخۆشبوو دکتۆر عەلی باباخان و عەبدولرەزاق فەیلی و سەعدون فەیلی و خوالێخۆشبوو حەمید شەفی و یەدوللا فەیلی و عادل موورادو زۆری دیکە لەرۆلە هەرە چاکەکانی عیراق.

لەم بوارەشدا ئاماژە بۆ ئەو قسەیەی بەرێز مەسعود بارزانی دەکەین کەدەلێت: قەلەمەکەم ناتوانێت قارەمانێتی و فیداکاری ئەم کەرتە تێکۆشەرە تۆماربکات لەپێشەوەیاندا شەهیدبوونی تێکۆشەر لەیلا قاسم و هاورێکانی، بۆیە کوردی فەیلی رۆلی کاراو دیاری خۆیان هەبووە لەتەواوی جولانەوەی نیشتمانی عیراق و بەتایبەتی لەریزەکانی جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردو بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت و بلاوکردنەوەی بەهاکانی چاکەخوازیدا.

هەروەها بەرێز مام جەلال تالەبانی لەپتر لەبۆنەیەکدا باسی دزێویی ئەو تاوانی جینۆسایدەی کردووە کەکوردی فەیلی لەسەردەستی رژێمە حوکمرانە رەگەزپەرستەکان بەتایبەت رژێمی دیکتاتۆر دووچاری هاتوون لەکاتێکدا کەمەرەکەبی رێککەوتننامەی ئاداری (1970) هێشتا وشك نەببوو.

بۆیە رۆلەکانی عیراق فیداکارییەکانی کوردی فەیلی لەبیرناکەن چ لەخەباتی نیشتمانی خۆیاندا، بەهۆی بوون و رۆلیان لەجولانەوەی نیشتمانی عیراقدا یاخود بەهۆی ئەو زولم و ناهەقی و دەستدرێژییەی دووچاری هاتوون لەسەردەستی درەندەترین رژێم کەمێژووی نوێ لەدوای جەنگی دووەمی جیهان بەخۆوەی بینیبێت، بەجۆرێك دەست بەسەر مال و مولکیاندا گیراو خێزانەکانیان راگوێزران و چاکترین رۆلەکانیان ئیعدامکران و دەیان و سەدانیان بێسەروشوێنکران لەکاتێکدا هوتافیان بەناوی عیراق لەبەر خۆشەویستیان بۆ عیراق و سووربوون لەسەر ئینتیما بۆ خاکەکەی دەکێشا و رازی نەبوون کرنووش بۆ دیکتاتۆری سەردەم و بیرە شۆڤێنییەکەی بەرن.

## تاوانی پاکتاوکردنی رەگەزی لەدژی کوردی فەیلیدا

تاوانی پاکتاوکردنی رەگەزی بەیەکێك لەشێوازەکانی تاوانی نێودەولەتی لەقەلەم دەدرێت، مەبەست لەتاوانی نێودەولەتیش بریتییە لەو کردە نارەوایەی کە لەیاسای سزاکان یاخود رێککەوتننامە نێودەولەتییەکان یان رێساکانی یاسای نێودەولەتیدا دەقنووسکراوەو شوێنەوارە مەترسیدارەکەی گشت کۆمەلی نێودەولەتی دەگرێتەوە، ئەم تاوانە بەتاوانێکی بەمەبەست دادەنرێت کەبەئەنقەست ئەنجامدەدرێت و زیان بەئاساپش و سەلامەتی کۆمەلی نێودەولەتی دەگەیەنێت، بکەری تاوانەکەش لەلێپرسراوێتی نابەخشرێت و مافی پەناهەندەیی پێ نادرێت و هیچ ئەمیونیتی (حەسانە)یەکی دەستووریی یان یاسایی نابێت هەروەك تاوانی ناوبراو بەتێپەربوونی کات ناسردرێتەوە. ئەم تاوانە بەیەکێك لەتاوانەکانی جەنگ دادەنرێت ئەگەر لەکاتی جەنگدا ئەنجامبدرێت و بەتاوانێکی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێت ئەگەر لەکاتی ئاشتیدا ئەنجامبدرێت.

ئەم تاوانە جۆرێکە لەجۆرەکانی تاوانی لەناوبردنی توخمی مرۆیی، واتە لەناوبردنی بەئەنقەستی گروپە نەتەوەیی یان رەگەزیی یان ئایینی یاخود ئەتنیکییەکان، یەکێکە لەتاوانە کۆنەکان لەمێژووداو بەحوکمی نازی و بەرژێمی سەدام حسێنەوە گرێدراوە.

ئەو تاوانە نێودەولەتییانە لەجۆری تاوانە سیاسییەکان نین بەلکو لەتاوانە بەئەنقەستە ئاساییە خەتەرناکەکانن تەنانەت ئەگەر یاسای ناوخۆییش رێگەیان پێبدات.

کاتێك بۆ ماددەی دووەمی رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی لەناوبردنی توخمی مرۆیی سالی (1948) دەگەرێینەوە، دەردەکەوێت کەوێرانکردنی گشت یان بەشێکی گروپە نەتەوەیی یان ئەتنیکی یان رەگەزی یان ئایینییەکان بەکوشتن یان پەکخستنی جەستەیی یان گیانی یان بەئەنقەست گروپەکان ملکەچی هەلومەرجی سەخت بکرێن یان نەزۆك کردن و رێگریی لەمندالبوون یاخود گواستنەوەی زۆرەملێی مندالانی گروپێك و جیاکردنەوەیان لەکەسوکاریان، هەموو ئەمانە بەتاوانی لەناوبردنی توخمی مرۆیی لەقەلەم دەدرێن، ئائەم تاوانانەش بوون کە گەلی کورد بەتایبەتی کوردی فەیلی لەسەردەستی رژێمی سەدام دووچاریان هاتن.


یەکەم شالاوەکانی راگواستن دژی کوردی فەیلی لەسەردەستی پێشەنگی نازییە عەرەبەکان، سەرکردایەتی رەشید عالی گەیلانی دەستپێکرد، ئەوەبوو دەیان هەزاریان بەبیانووی تەبەعیەتی ئێرانی راگوێزران ئەگەرچی وەك پێشتر روونمان کردەوە ئەوانە عیراقین و سەدان سالە دانیشتووی عیراقن، هەروەها دوای شۆرشی تەمموزی (1958) بەهۆی گرژی نێوان رژێمی حوکمرانی بەغداو تاران، شەپۆلی راگواستن و دەرکردن هەلکشانی بەخۆوەبینی، قوربانییەکەش خەلکی مەدەنی بوون.

## شێوازە نازییە سەدامییەکان لەدژی کوردی فەیلیدا

لەسالی (1963)دا نازییە عەرەبەکان دەسەلاتیان لەبەغدا گرتەدەست و حەرەس قەومی چەندین تاوانی دزێویان دژی کوردی فەیلی ئەنجامدا بەتایبەتی ئەوەی بەتاوانەکانی گەرەکی کورد لەبەغدا ناسراوە، هۆیەکەشی ئەوەبوو کەگەرەکی کورد مەکۆی جولانەوەی نیشتمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عیراق و ئەو شوێنە بوو کەزۆرێك لەبازرگانانی کوردی تێدا نیشتەجێ بوو، ئەمەش سەرچاوەیەکی مەترسی بوو بۆ سەر رژێمی حوکمی ئەوێ رۆژێی حەرەس قەومی-نازی لەبەغدا.

بەلام ماوەی رەشی مێژووی کوردی فەیلی لەئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئاداری سالی(1970)وە دەستپێدەکات تاوەکو سالی (1988)، بەجۆرێك رژێمی بەعس و نازیزمی عەرەب بەسەرکردایەتی سەدام درندەترین شێوازی چەوساندنەوەو تاوانی نێودەولەتییان دژی گەلێکی بێوەی و ئاشتیخواز کەحەزی لەژیان و ئازادییە ئەنجامدا، لەمرووەشەوە دەسەلاتداران سەدان هەزار مرۆڤیان راگواست و شوێن بزرکرد کەژمارەیان گەیشتە نزیکەی یەك ملیۆن ئادەمیزادو بێئەوەی هیچ خەتایەکیان هەبووبێت تەنها ئەوە نەبێت کە لەچاکترین رۆلەکانی عیراق بوون و کرنوشیان بۆ بت نەدەبردو لەبەرئەوەی کوردو





زۆربەیان پەیرەوکاری مەزهەبی شیعە بوون و شادەماری ژیانی بازرگانی عیراقییان بەدەستەوەبوو رۆڵێکی گەورەیان لەجوولانەوەی نیشتمانی عیراقدا هەبووە.

تائێستاش (10)هەزار ئادەمیزاد لەبەندیخانەکانی رژێمدا بێسەروشوێن بوون لەنێویاندا دۆست و خۆشەویست و هاوپۆلەکانم لەخوێندندا، هەروەك زۆرێـك لـەوانـە بـوونـە کێڵگەی تاقیکردنەوەی چەکی بایۆلۆجی و کیمیایی بەگوێرەی ئەو بەڵگەنامانەی کەدۆزراونەتەوە، لەوانە ئەو کردەوانەی کەیەکەی سەربازی ژمارە (5013)ی سنفی کیمیایی سەر بەگاردی کۆماری ئەنجامیداون.

دکتۆر کەمال قەیتوولی لەنامەکەیدا لەبارەی مەینەتی کوردی فەیلییەوە دەڵێت: پرۆسەی راگواستنی ئەو هاووڵاتییانە لەرۆژی (1980/4/4)دا دەستیپێکرد، ئەوەبوو ئەو خێزانانە راگوێزران پاش ئەوەی دەست بەسەر گشت ماڵ و موڵك و بەڵگەنامە شەخسییەکانیاندا گیرا (بروانامەی رەگەزنامەی عیراقی، ناسنامەی باری شارستانی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شۆفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانیی سەبارەت بەبازرگانەکان، ناسنامەی یەکێتی پیشەسازیی عیراق سەبارەت بەخاوەن پرۆژە پیشەسازییەکان، بەڵگەنامەکانی ماڵ و موڵك، بروانامەکانی خوێندنگەو زانکۆ..هتد).

ئینجا دەڵێت: سەرکردایەتی باڵای عیراق و بەفەرمانی سەدام حسێن ئەم بریارە نهێنییەی دەرکردو چەند توێژێکی دیارکیراوی کۆمەڵگەی عیراقی (کوردی فەیلی و فارس و هەندێك عەرەب) بەتەبەعیەتی ئێران و بەرەچەڵەك ئێرانی لەقەڵەمدا ئەگەرچی ئەوانە خۆیان و باوك و باپیرانیان لەسەر خاکی عیراق لەدایکبوون و هەندێکیان رەچەڵەکیان بۆ ماوەی پێش دەرکەوتنی ئیسلام دەگەرێتەوە، مەبەست لەم سیاسەتەش ئامادەکاری بوو بۆ جەنگی عیراق-ئێران کە لەئەیلولی ساڵی (1980)دا دەستیپێکرد.

## یەك ملیۆن راگوێزراو

بەگوێرەی ئامارەکانی خاچی سووری نێودەوڵەتی و مانگی سوور، کۆی ئەو عیراقییانەی بۆ ئێران راگوێزراون لە (1980/4/4)ەوە تاوەکو (1990/5/19) نزیکەی یەك ملیۆن کەس بووە دوای ئەوەی بەتەبەعیەتی ئێرانی تۆمەتبارکراون.

شایانی باسە برای تێکۆشەر مەسعود بارزانی سەرنجی بۆ تاوانی رژێم لەدژی کوردی فەیلیدا راکێشاوەو دەڵێت: ها کا خۆری ساڵی (1971) ئاوابوو، دەسەڵات چەندین کۆمەڵی لەوانە بۆ دەرەوەی سنوور دوورخستنەوە، رێوشوێنێك بوو بەرووالەت یاسایی بوو لەناوەرۆکدا خەنجەرێك بوو لەکەلەکەی شۆرشی کورد وەشێنرا، ئینجا بارزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: مەبەستە رەشەکە دووفاقی بوو، بەمەرامی لاوازکردنی شۆرش و دەستگرتن بەسەر پارەپولی ئەم توێژە، هەروەها کێشە دروستکردن بۆ حکومەتی ئێران.

بۆیە پرۆژەی سەرکردایەتی کورد بۆ دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عیراق، تێیدا هاتبوو چەندین ناوچە کەکوردی فەیلی تێدا نیشتەجێن وەکو بەدرەو جەسان و مەندەلی و خانەقین و زرباتیە و ناوچەی دیکە لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بن، ئێمەش پشتیوانی لەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی کورد دەکەین و لەهۆکارەکانی تێدەگەین.

گرنگترین هۆکارەکانی هەڵوێستی رژێمی سەدام دەرهەق بەمەسەلەی راگواستن و دەرکردنی کوردی فەیلی ئەمانەبوون:

1-فاکتەری نەتەوەیی، بەجۆرێك رژێمی سەدام مۆدێلێکی بیری نازیزمی عەرەبی و شۆڤێنیزمی بەرتەسك بوو، چونکە چۆن دەکرێت ئەم جۆرە تاوانە ئەنجامبدرێت لەکاتێکدا رژێم عەرەبی فەلەستین و هۆزی دیکەی عەرەبی دیکەی نیشتەجێ دەکردو کۆمەڵێك ئیمتیاز یاخود رەگەزنامەی عیراقی پێدەبەخشین کەچی بەپێچەوانەی دەستوورو یاسا دانیشتووانە رەسەنەکەی لەنیشتمانی خۆیاندا دەردەکردو دەستی بەسەر ماڵ و موڵکیاندا دەگرت.

2-فاکتەری ئابووریی، چونکە کلیلی کاری بازرگانی بەدەستی زۆرێك لەکوردە فەیلییەکان بوو بەتایبەتی ئەوانەی لەبەغدا دەژیان، بەڵگەش بۆ ئەو قسەیەمان ئەوەی رژێمی سەدام سەبارەت بەمەسەلەی ژووری بازرگانی بەغدا کردی و بەبێ هیچ لەمپەرێکی ئەخلاقی یان ئایینی یان بەهانەیەکی یاسایی، بازرگانانی کوردی فەیلی راگواست.

3-فاکتەری سیاسی، ئامانجی رژێمی بەعس و سەدام گۆرینی بونیادی دیمۆگرافی و هەوڵدان بوو بۆ گۆرینی رێژەی دانیشتووانی کورد بەتایبەتی لەدوای رێککەوتننامەی ئاداری ساڵی (1970)دا، بەتایبەتی کەهەندێك کوردی فەیلی ببوونە سەرکردەی پێشکەوتوو لەریزەکانی جولانەوەی رزگاریخوازی کورددا هەروەها هەوڵدان بوو بۆ فشارخستنەسەر ئێران لەرێگەی پرۆسەی راگواستنی مرۆڤەکانەوەو هەوڵدان بۆ دروستکردنی کاریگەری بۆ سەر ئێران لەرێگەی کێشە دروستکردن بۆ رژێمی ئێران.

4-فاکتەری ئایینی، چونکە زۆربەی کوردی فەیلی شیعەن و رژێمی سەدامیش لەبەرچەندین هۆکاری قێزەونی تایەفی کەهەموولایەك دەیزانن، رقی لەشیعە بوو.

لەمادەی یەکەمی رێککەوتننامەی دۆخی کەسانی بێ رەگەزنامە لەساڵی (1960)دا هاتووە: نابێت کەسێك بێ رەگەزنامە بێت یان دەوڵەت رەگەزنامەی لێ بسێنێتەوەو بەهاووڵاتی دانەندرێت. عیراقیش یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئەم رێککەوتننامەیەی ئیمزا کردووە، بەڵام رژێمی سەدام رێزی لەبرگەکانی نەگرت، چونکە ئەو چەند حاڵەتە لەرێسا بەدەرەی لەرێککەوتننامەکەدا هاتوون و بەمپێیەش دەکرێت کەسێك بێ رەگەزنامە بێت بریتین لە:

1-تاوانباری نێودەوڵەتی کەتاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژی ئاشتی ئەنجامدابێت.

2-تاوانباری ئاسایی بەرلەوەی مافی پارێزگاری نێودەوڵەتی پێبدرێت.

3-ئەو تاوانبارانەی بەتاوانەکانی دژ بەمەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمەتبارن.

جاکوردی فەیلی لەو جۆرە کەسانە نین و نابێت لەمافەکانی خۆیان بێبەش بکرێن تەنها لەبەرئەوەی بەشێکن لەگەلی کورد یاخود مەزهەبەکەیان مەزهەبی شیعەیە، ئەو رێوشوێنانەش کەرژێمی سەدام کردوونی پێچەوانەی دەستوورو یاساکان و ئیلتیزامە نێودەوڵەتییەکان و جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤن، رێسا یاساییەکەش دەڵێت هەر شتێك لەسەر بنەمایەکی نارەوا بنیاتنرابێت ئەوا خۆی نارەوایە.

## پێویستە داوای لێبوردن لەکوردی فەیلی بکرێت و قەرەبووی زیانەکانیان بکرێتەوە

بۆیە پێویستە ئەم دۆخە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکاری نوێی عیراقەوە چارەسەربکرێت بەوەی یەکەم داوای لێبوردن لەکوردی فەیلی بکرێت هەروەها قەرەبووی مافە دارایی و مەعنەوییەکانیان بۆ بکرێتەوەو بەسەربەرزی و رێزەوە بگەرێندرێنەوە بۆ عیراق و رەگەزنامەی عیراقی نیشتمانی خۆیان پێبدرێت، چونکە رەگەزنامەی عیراق بەوان شەرەفمەند دەبێت و ئەوانە لەجوامێرترین ئەو کەسانەن کەچەندین قوربانییان لەپێناوی بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆریەت و رژێمە تاوانبارەکەیدا بەختکردووە.

لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کەنابێت مەسەلەی کوردی فەیلی بەسیاسی بکرێت یاخود لەتەواوی مەسەلەی گەلی کورد لەعیراق بەگشتی دابر بکرێت چونکە ئەوان بەشێکن لەگەلی کوردو چاکترین رۆڵەکانی کوردی فەیلی جاران و ئێستاشی لەگەڵدابێت لەریزی جوولانەوەی رزگاریخوازی کوردو لەریزی جوولانەوەی نیشتمانی عیراق بوون، بۆیە دروستکردنی هەر قەوارە یان گردبوونەوەیەك بۆ کوردی فەیلی دوور لەو مەسەلەیە رەنگە خزمەتی مەسەلەی کوردی فەیلی نەکات و لەبەرژەوەندیشیاندا نییە مەسەلەکەیان لەمەسەلەی گەلی کورد لەعیراق و نەتەوەی کورد بەگشتی جیابکرێتەوە.

## پوختەی قسەکان:

1-لێپرسراوێتی یاسایی (جینائی و مەدەنی) دەکەوێتە ئەستۆی رژێمی سەدام لەپای ئەو تاوانانەی دژی کوردی فەیلی ئەنجامدراون، کەبریتین لە تاوانی جینۆساید (لەناوبردنی رەگەز)و تاوانی سەرپێچیکردنی رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەبێ رەگەزنامەکان و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، سزای ئەو کارانەش، سزادانی بەرپرسەکانە لەو تاوانانەو قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندەکانەو گەراندنەوەی کوردی فەیلییە بۆ عیراقی نیشتمانی خۆیان هەروەها ماڵ و موڵکیان بۆ بگەرێندرێەوەو بەندکراوەکانیان ئازادبکرێن و ئەو کەسانەی دەگەرێنەوە لەرووی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە یارمەتی بدرێن.


2-هیوادارین سەنتەرێکی نیشتمانی بۆ کوردی فەیلی پێکبهێندرێت تاوەکو راوێژی یاسایی پێشکەش بکات و زانیارییان لەبارەوە کۆبکاتەوەو بەدۆکیۆمێنتی بکات لەوانە ناوەکانیان و ماڵ و موڵکیان و مافەکانیان و پشتگیریکردنی مەسەلە رەواکەیان.

3-پێویستە تۆوی خۆشەویستی و لێبوردەیی لەنێو نەتەوە جیاجیاکان و پەیرەوانی ئایین و مەزهەب و بیروباوەرن سیاسییەکان لەعیراقی نوێدا بچێندرێت، چونکە دەمارگیری دەبێتە مایەی رق و کینەو بوغزو توندرەوی دەبێتە مایەی توندوتیژی، توندوتیژی هاورێی توندرەویش دەبێتە مایەی تاوانی تیرۆریزم کەهەرەشە لەئاشتی و ئاسایش و ئارامی دەکات.

4-پێویستە لەدەستووری دەوڵەتی فیدراڵی عیراقدا مافەکانی کوردی فەیلی دەقنووس بکرێن و چارەسەری گشتی دۆسیە یاساییە هەڵپەسێردراوەکان بکرێت سەبارەت بەو کەسانەی بەدەست رژێمی دیکتاتۆری و جەنگە رەگەزپەرستییەکانییەوە دژی نەتەوەکانی دیکەو پەیرەوانی ئاین و مەزهەب و تایەفەکانی ماڵی عیراقییەوە زەرەرمەندبوون.

5-پشتیوانی ئەوە دەکەین کەکوردی فەیلی نوێنەریان لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا هەبێت و پۆستێکی وەزاریی بەنوێنەریان بدرێت تاوەکو لەبواری مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی پێودانگە نێودەوڵەتییەکانیدا کاربکرێت هەروەها لەپێناوی گەراندنەوەو راهێنانەوەی راگوێزراوو کۆچبەرو پەنابەرە عیراقییەکان بۆ نیشتمانی خۆیان کۆشش بکرێت.







# کوردە فەیلییەکان داوا دەکەن کەیسەکەیان بەجینۆساید ئەژماربکرێت

رێکخراوی ماڵی کوردی، بەهاوکاریی ژمارەیەك لەهەڵسوراوانی فەیلی هەلمەتێکی دەستپێکردووە بۆ گوشار خستنە سەر داڵدگای باڵای تاوانەکانی عیراق بۆئەوەی ئەو تاوانانەی کە رژێمی پێشوو دژی کوردە فەیلییەکان ئەنجامیداون، وەك جینۆساید ئەژماربکرێن نەك تەنیا وەك تاوان دژی مرۆڤایەتی.

لەو رووەوە خەلیل شەممە پسپۆر لەبواری مەسەلەی فەیلییەکاندا لە کۆنگرەیەکدا لەبەغدا بەرێوەچوو بەئاکانیوز-ی رایگەیاند: ئەو کارەساتەی کە بەسەر کوردە فەیلییەکاندا هات ناکرێت تەنیا وەك تاوانێکی دژ بەمرۆڤایەتی ئەژماربکرێت، بەڵکو ئەوە بەهەموو پێوەرێك سیماو سیفەتی جینۆساید ((کۆمەڵکوژی)) لەخۆدەگرێت و داواشی لەدادگای تاوانەکان کرد کە بەو شێوازە حوکمەکەی دەربکات بەرەچاوکردنی قەبارەی ئەو کارەساتەی کە روویداوە.

شەممە روونیشیکردەوە کە بریارێکی لەوجۆرە دادپەروەرییە بەرامبەر بە کوردە فەیلییەکان بۆئەوەی لەبەر رۆشنایی ئەو بریارەدا بریارێکی سیاسیش لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە دەربچێت و بەوەش هەموو ئەو مافانەیان بۆ بگرێنرێتەوە کە لەلایەن رژێمی پێشووەوە لێیان زەوت کرابوو. وتیشی: گەشەسەندنی کۆمەڵگەی عیراقی لەرووی ئابوورییەوە لەسەر شانی ئەو فەیلییانە بوو کە لەناوەندی بازرگانیی سەنتەری بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عیراقدا بوو.

لەساڵی 2003وە دادگاییکردنی سەرانی رژێمی پێشوو بەهۆی تاوانگەلێکەوە کە دەرهەق بەپێکهاتەکانی گەلی عیراقیان ئەنجامداوە لەناویشاندا کوردە فەیلییەکان، دەستیپێکردووە، لەکاتێکدا دادگای باڵای تاوانەکان، چاو بەتاوانەکانی راگوێزان و بێسەروشوێن کردن و بەتاڵانبردنی مافی کوردانی فەیلییدا دەخشێنێتەوە کە بەکەیسی دوجێل دەستیپێکردو بەتاوانەکانی ئەنفالدا تێپەری و لە29ی ئەم مانگەشدا حوکمی خۆی لەبارەی کەیسی فەیلییەکانەوە دەردەکات.

لەلایەن خۆیەوە ریاز جاسم فەیلی شارەزای یاسایی بەئاکانیوزی راگەیاند: تاوانی بەزۆر راگواستنی کوردە فەیلییەکان کە بەهۆیەوە زیاتر لە 70 هەزار کەس بوونە قوربانیی ئەو سیاسەتە، ئەوە بێگومان بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی سیفەتی کۆمەڵکوژی لەخۆدەگرێت، جەختیشی کردەوە کە ئەو کارەساتە بەر هیچکام لەپێکهاتەکانی عیراق نەکەوتووە، بەتایبەتی ئەو راگوێزانەی کە لەساڵی 1980دا ئەنجامدراو بەیەکجار رەگەزنامە لە 500 هەزار عیراقی فەیلی سەندرایەوە.

رژێمی سەدام حسێن لەکۆتایی هەفتاکانەوە دەستیکرد بەهەڵمەتێکی گەورەی راگواستنی کوردانی فەیلی و لێسەندنەوەی رەگەزنامەی عیراقی لێیان و دەستبەسەرداگرتنی ماڵو موڵکیان بەپاساوی ئەوەی کە ئەوانە هاووڵاتیی ئێرانین.

بەماوەیەکی کەم لەدوای ئەو پرۆسەی راگواستنەش پرۆسەیەکی دەستگیرکردنی تاکەکانی ئەو توێژەو لەسێدارەدانیانی دەستپێکرد لە هەشتاکاندا.

چاودێران مەترسیی ئەوەیان هەیە کە گۆرانێکی گەورە لەهەڵوێستەکانی کوردانی فەیلیدا رووبدات ئەگەر بێت و مەسەلەکەیان پشتگوێ بخرێت لەقۆناغی سیاسیی داهاتوودا. تەنانەت ئەو مەترسییانە گەیشتوونەتە رادەیەك کە لە پشتیوانەوە بوونەتە نەیاری پرۆسەی سیاسی، بەتایبەتی ئەوانەی کە چەکیشیان هەڵنەگرتووەو بەشداریشیان نەکردووە لەپرۆسە سەربازییەکاندا لەدژی دامودەزگاکانی دەوڵەت، لەو ساڵانەی کە شەری تایفی لەئارادابوو و ئەوکاتیش هەر لەبەر مەترسیی پاکتاوکردندابوون وەك کەمینە.

فەیلییەکان پابەندبوون بە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق و دەستەی تەمییزەکەی بەپێی ماددەی 17 لەیاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005 و پەنای بردە بەر حوکمەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ جینۆسایدو ئەوەی کە بنەماکانی تاوانە تایبەتییەکان خستوونیەتەروو و تایبەتن بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەساڵی 2002دا.

هەر لەو بارەیەشەوە فەرەیدون کەریم توێژەرو کوردی فەیلی بەئاکانیوزی وت: کە ئەوان توێژێکی گەورەی کۆمەڵگەی عیراقن و رابردوویەکیان هەیە کە دەگەرێتەوە بۆ مێژوویەکی دوور، بەڵام دەسەڵاتی سەدام لەپرۆسەیەکی تاوانکارانەدا دەستیکرد بەراگواستنی خێزانە کوردە فەیلییەکان بۆ دەرەوەی عیراق و گرتنی زیاتر لە 5 هەزار لەرۆڵەکانیان لەو لاوانەی سەرقاڵی خزمەتی سەربازی بوون و دواتریش بەشێوەی بەکۆمەڵ بێسەروشوێن کران.

# هەڵمەتەکانی راگواستنی فەیلییەکان لەزمانی راگوێزراوەکانەوە



ئا/ئاری عەلی غەریب

رێکەوت رۆژی 5/نیسانی ساڵی 1980 بوو ئەوکاتەی رژێمی پێشوو جامی توورەبوونی خۆی بەسەر کوردە فەیلییەکاندا رژاند، لەبەر هیچ نا تەنها لەبەرئەوەی کورد بوون..

یادگارییەکانی رۆژگارە تاڵ و ناخۆشەکانی زیاتر لەنیو سەدە لەراگواستن و دەربەدەریی و دوورکەوتنەوە لەکەسوکارو بێسەروشوێنکردنی زیاتر لەپانزە هەزار گەنجی کوردە فەیلییەکان لەزیندانەکانی رژێمی پێشوودا.

شاکر کەریم یەکێك بووە لەو کوردە فەیلیانەی کە سەرەتای کارەساتەکەوە رووبەرووی راگواستن بووەتەوە لەعیراق دەڵێت: رۆژی 1980/8/5 لەسەعات شەشی ئێوارە مەفرەزەیەکی دائیرەی ئەمن چواردەوری ماڵەکەی گرتین و دوای ئەوەی دایان بەسەرماندا داوایان لەسەرجەم خێزانەکەمان کرد کە لەگەڵ برۆین بۆ دائیرەی ئەمن بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك، تەئکیدیان لەوەکردەوە کە ئەو مەسەلەیە تەنها چەند دەقیقەیەك دەخایەنێت، بەبێ ئەوەی هۆیکاری ئەو بارودۆخەمان پێمان بڵێن، ئەوەبوو بردیانین بۆ ناوچەی (العبخانە)، لەوێ چەند خێزانێکی ترمان بینی کە پێشتر هێنابوویانن بۆ ئەو شوێنە، ئەوانیش نەیاندەزانی بۆچی هاتوون، دوای دوو سەعات بەئۆتۆمبێل رەوانەی فەرمانگەی رەگەزنامەیان کردین، ئێمە تەنها دە خێزان بووین و لەوێ (سەعدون شاکر)مان بینی کە لەوێ بوو، لەفەرمانگەکە سەرجەم پێناسەی ئەحوالی مەدەنی و هەوێ و دۆکیۆمێنت و دەفتەر خدمەو هەر وەرەقەیەکی رەسمی تریان لێ وەرگرتین.

لەدوای سەعات دەی شەو چەند ئۆتۆمبێلێکیان هێنا بۆ بارەگای فەرمانگەکەو هەمووانیان ناچارکرد کە بچینە ناو ئۆتۆمبێلەکانەوە، بەڵام بۆ شوێنێکی نادیار، ئۆتۆمبێلەکان رۆیشتن و سنووری بەغدایان تێپەراند، پاش چەندین پرسیار یەکێك لەپۆلیسەکان بەزمانی بەغدادی کە نارەزایی بەدەموچاویانەوە دیاربوو، پێیان راگەیاندین کە ئێمە بەرەو شاری مەندەلی بەرێدەکەوین، لەسەعات 3ی شەو گەیشتینە مەندەلی و هەمووان تا ئەوکاتەش نەیاندەزانی کە چی روودەدات، ئەوەبوو چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی گەورە لەجۆری ئیڤایان هێناو هەمووانیان ناچارکرد کە بچنە ناو ئەو ئیڤایانەوەو پاشان بەرەو شوێنێکی تری نادیاریان بردین، بەرەبەیان گەیشتینە شوێنێك و لەئۆتۆمبێلەکان دایان بەزاندین و بەپێ رۆیشتین و پێیان وتین ئەگەر بگەرێنە دواوە یاخود لەو رێگایە لابدەن ئەوا رووبەرووی سزای قورس دەبنەوەو ئەو کەسەشی سەرپێچی بکات ئەوا تەقەی لێدەکرێت.

دوای نیو سەعات لەرۆیشتن بەپێ سەربازەکان ئێمەیان بەجێهێشت و کەوتنە تەقەکردن بەئاسماندا بەمەبەستی ترساندنمان بەجۆرێك پیاوێکی پیر کەوت و کەسوکارەکەشی بەجێیان هێشت، ئێمە کە چەند گەنجێك بووین هەڵمان گرتەوەو یارمەتیمان دا، ئێمە نزیکەی 50 کەس دەبووین کە چەندین منداڵ و ژنیشمان تێدابوو کاتێك گەیشتینە رووبارێکی بچووك، لەوبەر رووبارەکەوە چەند گوندێکی سەر سنوورمان بەرچاوکەوت و سێ کەس بەرەورووومان هات و پێیان راگەیاندین کەئێمە لەناوچەی سۆماردایین و دوو کەس لەگەڵمان مانەوەو سێهەمیان گەرایەوە بۆ گوندەکە بەمەبەستی یارمەتیدانمان بۆ پەرینەوە لەرووبارەکە، کاتێکیش گەیشتینە گوندەکە خەڵکی ئەو گوندە یارمەتیان داین و خواردن و جلوبەرگیان پێشکەشکردین چونکە زۆربەمان بەجلوبەرگی خەوتنەوە بووین..!!

پاشان دەسەڵاتدارانی ئێران لەو بارودۆخە ئاگادارکرانەوەو چەند پرسیارێکیان لێکردین لەهۆکارەکانی ئەو راگواستنە، ئەوان لەلایەن خۆیانەوە پێیان راگەیاندین کە بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو بارودۆخە نین، دوای شەش سەعات بەئۆتۆمبێلی سەربازیی ئێرانی رەوانەی شاری سەرپێل زەهاویان کردین بۆئەوەی لەیەکێك لەمزگەوتەکانی ئەو شارە بمێنینەوەو پاش چەند رۆژێکی دواتریش دابەشیان کردین بەسەر ئۆردوگاکانی ئاوارەکاندا.. لێرەوە سەرەتای گەشتێکی پرلەئازارو مەینەتی دەستیپێکرد کە چەندین ساڵی خایاند تا رووخاندنی رژێمی پێشوو، بەڵام ئێستا لەدوای رووخاندنی رژێمیشەوە هێشتا چارەنووسمان دیارنییەو کێشەکانمان هێشتا لەدادگاکاندایەو چارەنووسی گەنجەکانیشمان هێشتا نادیارەو گۆرە بەکۆمەڵەکانیش دیار نین، ئەمە سەرباری کێشەکانی رەگەزنامەو دۆسیەکانمان.

# ئایا کورده فەیلییەکان کەمین



**راپۆرتی: کفاح هادی**

کورده فەیلییەکان لەزۆربەی چاوپێکەوتن و دیدارەکانیاندا سکاڵایان هەیەو هەست بەبێزاری دەکەن کاتێك باسی کێشەکەیان دەکرێت.

لەکاتی باسکردنی بارودۆخی خۆیان دەڵێن: دوێنی دەسەڵاتی رژێمی رووخاو ستەمی لێدەکردین و هەموو جۆره کارێکی زۆردارانەو کۆچپێکردنی زۆرملێ وپاکتاوی رەگەزی دەرهەق ئەنجامدەداین، ئەمرۆش رۆڵەکانمان زوڵمیان لێدەکرێت و کەسێك نییە لەقەفەزی زوڵملێکردن رزگارمان بکات، بۆئەوەی بەدەستکەوتە تایبەتییەکانی خۆمان بگەین و لەدامودەزگاکانی حکومەتدا پۆستمان هەبێت.

کوردانی فەیلی، زۆربەیان تەئکیدیان لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئینتیمایان بۆ کورد هەیەو هاوکات بانگهێشتنامە نهێنی و ئاشکراکانیان رەتکردووەتەوە کە ئامانج لێیان دەستبەرداربوونیانە لەناسنامەی نەتەوەیی کوردیان، لەئەمرۆدا کە عیراق بەبارودۆخێکی هەستیاردا تێپەر دەبێت، هەندێك پرۆژه لەئارادایە بۆئەوەی کورده فەیلییەکان وەك کەمە نەتەوایەتییەکانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت لەلایەن هەندێ لایەنەوەو هەوڵیشدرا بۆئەوەی کوردی فەیلی نوێنەری خۆیان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا هەبێت لەچوارچێوەی سیستمی کۆتا کە کەمە نەتەوەکانی دیکە پشتی پێدەبەستن.

بەتێروانینی هەندێ لەکوردانی فەیلی، لەدوای ساڵی 2005ەوە، هەڵوێستی هەندێك لەلایەنە سیاسییە کوردستانییەکان چ لەپەرلەمانی عیراق و چ لەو حکومەتە یەك لەدوای یەکانەی بەشدارییان تێداکردووە، سەبارەت بەپشتگیریکردنی کورده فەیلییەکان لەئاست خواستی ئەواندا نەبوو، پرۆژەی کەمینە فەیلییەکان و داوای تەرخانکردنی کورسی کۆتا لەپەرلەمانی عیراق بۆیان و چەند هەوڵێکی دیکە بۆ جیاکردنەوەی فەیلی لەکورد، کێشەیەکە بەردەوام بوونی هەبووە.

تالیب نەورۆز ئەندامی ئیدارەی کەمەنەتەوایەتییەکان لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا وتی: ئێمە بەشێکین لەنەتەوەی کوردو هەموو لایەکیش ناسنامەی ئێمە دەزانێت کەئێمە کوردی فەیلیین، بەڵام تایبەتمەندییەکانمان وایکردووه لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان نیشتەجێبین، کورده فەیلییەکان لەقۆناغەکانی رابردوودا یەکێك بوون لەو توێژانەی کە لەعیراقدا زیانی زۆریان بەرکەوتووە.

ئاماژەی بەوەشکرد کەلەرووی دەستوورییەوە، ناوی کورده فەیلییەکان تەنها لەدیباجەکەی دەستووردا هاتووەو لەوردەکارییەکانی دیکەی دەستووردا باسی فەیلییەکان نەکراوەو هەروەها لەکاری سیاسیدا لەبرا کوردەکانمان دانەبراوین.

عەبدولسەمەد رەحمان لەلێدوانێکدا وتی: یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی کورده فەیلییەکان ئەوەیە کە کوردن و لەهەمانکاتیشدا شیعەن، کەمینەن لەناو کورددا و هاوکات کەمینەشن لەناو شیعەکانی عیراقدا، هەربۆیە پێویستە پارێزگاری لەناسنامەی خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی راستەقینەنن لەکۆمەڵگەی عیراقدا. راشیگەیاند: لەکۆبوونەوە تایبەتییەکانماندا لەگەڵ سەرۆك وەزیران بەتایبەت لەبارەی مەسەلەی سەرژمێری و نەتەوەکان، داوامانکردووە لەفۆرمی زانیارییەکاندا هێمایەکی تایبەت بۆ کورده فەیلییەکان دابنرێت، لەپێناو سەلماندنی ناسنامەی خۆیان.

عەبدولسەمەد رەحمان لەبارەی هۆکاری ئەوەی کوردانی فەیلی نەیانتوانیوە نوێنەرێکی سەربەخۆیان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و حکومەتدا هەبێت، گەراندەوە بۆ پەرتبوونی دەنگی فەیلییەکان و نەبوونی یەکریزی لەناو کوردانی فەیلی و لاوازی ئەو پشتگیرییەی لێیان دەکرێت. ئاماژەی بەوەشکرد، هەرچەندە کورده فەیلییەکان وەك کەمینەیەك لەناو ئەنجومەنی کەمەنەتەوایەتییەکاندان و کاردەکەن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان گەیشتووە، بەڵام تائێستا هیچ کورسییەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا بەدەستنەهێناوە، لەکاتێکدا مەسیحییەکان کە بەژمارە لەفەیلییەکان کەمترن، پێنج کورسییەکان لەپەرلەمانی عیراقدا هەیەو تورکمانەکانیش وەك کەمینە لەناو لیستی ئەلعراقییەدا پێنج کورسی و لەناو دەوڵەتی یاسا سێ کورسی و لەناو ئیئتیلافی نیشتمانی کورسییەکیان بەدەستهێناوە.

سەبارەت بەوەی ئایا کورده فەیلییەکان کەمینەن، مەحمود عوسمان ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان رایگەیاند، بێگومان نەخێر، لەبەرئەوەی فەیلییەکان کوردن، ئەو هەوڵانە بەشێکن لەو کارانەی هەندێك لایەن بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجامیدەدەن لەپێناو دابەشکردنی نەتەوەی کورد، هەروەك چۆن هەندێکی دیکە دەیانەوێت ئێزدییەکان و شەبەکیش لەنەتەوەی کورد جیابکەنەوە. ئێمە لەبەیاننامەیەکدا بەتایبەت سەبارەت بەفۆرمی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لەعێراق داوامان کرد روونکردنەوە بدرێت لەبارەی کێشەی نەتەوەکان و لەچەند نەتەوەیەکی سەرەکیدا کە ئەوانیش(عەرەب، کورد ،تورکمان،کلدوئاشوری و ئەگەر هەبێت نەتەوەی دیکە) کۆبکرێتەوە، هەندێك لایەن داوایانکرد کە لەبری وشەی کوردی، بنوسرێت کوردی فەیلی، ئەمەش کێشەی گەوره بۆ کورد دروستدەکات و رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر قەبارەی راستەقینەی کورد لەعیراقدا، لەپشت ئەو کارانەشەوە لایەنی مەبەستدار هەیە کەلەهەوڵی ئەوەدان کورده فەیلییەکان لەدەرەوەی نەتەوەی کورد بکەنە کەمینەو ئەوەش بەخراپ بۆ کورده فەیلییەکان دەشکێتەوە.

دەربارەی ئەو پاساوانەی هەندێك لایەن دەیهێننەوە لەبەرامبەر لاوازیی هەڵوێستی هەندێك لەحزب و سەرکرده کوردستانییەکان و کەمتەرخەمییان لەپشتگیریکردنی کێشەی کوردانی فەیلی، مەحمود عوسمان وتی: بەقەناعەتی من ئەوان راستدەکەن، پێویستە کورده فەیلییەکان بەتایبەتی لەلایەن هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان و حزبەکانی دیکەوە گرنگیان پێبدرێت، هەروەها پێویستە لایەنە کوردییەکان بەشێوەیەکی زیاتر گرنگی بەکێشەی کورده فەیلییەکان بدەن، چونکە کورده فەیلییەکان مافی خۆیانە بەشداری لەپرۆسەی سیاسیدا بکەن و لەدەوڵەتدا پۆستیان هەبێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەندێك لایەن دەنوکیان لەسەر لاوازی هەڵوێستی کوردی بێت و لەهەڵسوکەوتەکانیاندا هەوڵی دابەشکردنی نەتەوەی کورد بدەن، ئەمەش رەنگدانەوەی سلبی دەبێت لەسەر هەردوولا.

## مەینەتیی کوردانی فەیلی لەبیرکراون

عادل موراد ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلێدوانێکدا رایگەیاند: هەوڵی هەندێك لایەن بۆئەوەی کوردانی فەیلی بکەنە کەمینە، لەئەنجامی پەراوێزخستنی کورده فەیلییەکان لەساڵی 2003ەوە سەرچاوەی گرتووە، کەبەچەند قۆناغێکدا تێپەربووە، لەلیستی باڵیۆزەکانی عیراق لەوڵاتانی دەرەوە کە ژمارەیان دەگاتە 59 باڵیۆز، تەنها دوو کوردی فەیلی تێدایە، ئەویش لەلایەن حزبی دەعوەوە کاندیدکراون، هەردوو حزبە کوردستانییەکە هیچ کەسێکیان لەکورده فەیلییەکان بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە دەستنیشان نەکردبوو، هەروەها لەناوەرۆکی ئەو وەرقە 19 خاڵییەی کە کورد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن پێشکەشیکردووە، هیچ برگەیەکی تێدا نییە ئاماژە بەکورده فەیلییەکان بکات، لەکاتێکدا هەموو لایەکمان باش دەزانین کورده فەیلییەکان رووبەرووی جەنگی لەناوبردنی بەکۆمەڵ بووەتەوەو تائێستاش گۆری دەیان هەزار شەهیدی کورده فەیلییەکان دیار نییە، هەروا سەدان خانوو و کۆشکی کورده فەیلییەکان لەناوچەی عەتیفیەو چەند ناوچەیەکی دیکە کە لەسەردەمی رژێمی رووخاوی بەعسدا دەستی بەسەرداگیرا، نەگەرێنراوەتەوە بۆ خاوەنەکانیان، بەڵکو لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق لەلایەن ژمارەیەك لەلێپرسراوانی حزبە ئیسلامییەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە، سەرجەم ئەو رووداوانەش پێش کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە روویانداوە، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە حزبە کوردییەکان سەرجەم ئەو رووداوانەیان لەبیرکردووە.

### هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد

سەبارەت بەرۆڵی کورده فەیلییەکان لەمێژووی بزوتنەوەی کوردیدا، عادل موراد رایگەیاند: پێویستە ئاماژە بۆ ئەو رۆژگارانە بکەین کە لەسەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەساڵی 1964 لەبەغدا، چەند کەسایەتییەك کۆڵەکەی دامەزرێنەی ئەو حزبەبوون، لەوانەش دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم برای تێکۆشەر حەبیب محەمەد کەریم کە هەڵوێستە پرشنگدارەکانیان بەرامبەر بەکورده فەیلییەکان و دژایەتیکردنی رژێمی بەعس لەرێگەی رێکخراوی هەڵۆ سوورەکانەوە کەرووبەرووی عوسمان فایەق و تەها جەزراوی بوونەوە، جێگەی باسکردنە. فازڵ ئەلبەراك لەیاداشتەکانیدا دانی بەوەدا ناوەو دەڵێت: ئازایەتی کورده فەیلییەکان کاتێك رووبەرووی

# ەن یان نەتەوەی دووەمی عیراقن؟



بەعسییەکان بوونەوە لەساڵی 1943دا، ئازایەتییەکە کە هەرگیز نەبینراوە.

## کوردانی فەیلی کەمینە نین

وتیشی: بەداخێکی زۆرەوە هەندێك لایەن سود لەلاوازی کوردە فەیلییەکان وەردەگرن و چاوەڕوانی بارودۆخێکن تاوەکو لەگۆشەی خەمەکانیانەوە کاریگەرییان تێبکەن، ئەمەش بەدانانی براکانمان لەکوردە فەیلییەکان وەك کەمینەیەکی نەتەوایەتی لەعیراقدا، ئێمە ئەو لایەنانە ئاگادار دەکەینەوە کە ئەو کارانە مەترسیدارن و بەبیریان دەهێنینەوە کە کوردە فەیلییەکان لەرابردوو و ئێستاشدا کەمینە نەبوون، داواشیان لێدەکەین کارەکانیان بەرۆژی ڕووناك ئەنجامبدەن و دوورکەونەوە لەکارکردن لەتاریکیدا، هەتاوەکو بارودۆخەکە بۆ هەموو لایەك ڕوون ئاشکرا دەبێت.

لەوەڵامی ئەوەی کێ لەهەوڵی ئەوەدایە کە کوردە فەیلییەکان بکاتە کەمینەیەکی نەتەوەیی لەعیراقدا، عادل موراد ئاماژەی بەوەکرد، کوردانی فەیلی لەکۆمەڵێك عەشیرەتی وەك زەنگەنەو لەك پێکهاتوون و لەنێوان عیراق و ئێراندا دابەشبوون، لەسەردەمی قاجاریدا کوردە فەیلییەکان سەر بەتائیفەی سوننە بوون، بەڵام دواتر لەسەردەمێکی دیکەدا چوونەسەر مەزهەبی شیعە، تائێستاش ئەو ڕێپێوانە گەورەیەم بیردەکەوێتەوە کە خەڵك بەبۆنەی دەرکردنی بەیاننامەی 11ی ئادارەوە ڕژانە سەر شەقامەکانی بەغدا، لەوکاتەدا سەدام حسێن بەمەحمود عوسمانی وتبوو: چاوەڕوانی ڕێپێوانێکم نەدەکرد بەو قەبارە گەورەیە کە سەرسامم دەکات، ئایا بەراستی نیو ملیۆن کورد لەژن و پیاو لەشاری بەغدا دەژین؟ ئەو ڕێپێوانە بۆ پێشوازیکردن بوو لەمەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، دارا تۆفیق، سامی عەبدولرەحمان و مەحمود عوسمان. پرسیارێ من ئەوەیە ئایا ئەو ژمارە زۆرەی کورد لەبەغدا بوونە هەڵم، پێموایە بەهۆی سیاسیەتی هەردوو حزبە کوردستانییەکەوە پەرتبوونێکی فراوان دەبینرێت لەناو ریزەکانی توێژی کوردە فەیلییەکاندا، ئەگەر حزبە کوردییەکان بەشێوەیەکی باش مامەڵە بکەن، گەنجە فەیلییەکانیش کاردانەوەیەکی جوانیان دەبێت بەرامبەر بەو هەڵوێستانە. هەموومان دەزانین کە ژمارەیەکی زۆر لەکوردە فەیلییەکان خەڵکی خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمین و لەدەزگا خێرخوازییە ئەوروپییەکان و ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا کاردەکەن، بەگوێرەی زانیارییەکانی من زیاتر لە50 پرۆفیسۆر لەکوردە فەیلییەکان لەخۆرئاوا دەژین، دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەگەر کودە فەیلییەکان پەراوێز نەخرانایە، ئێستا هەندێك لایەن داوای ئەوەیان نەدەکرد کە کوردە فەیلییەکان وەك کەمینەیەك لەعیراقدا ئەژماربکرێن.

## کوردانی فەیلی، نەتەوەی دووەم لەعیراق

هەروەها عەلی حسێن فەیلی ئەندامی کوردی فەیلی لەپەرلەمانی کوردستان وتی: ئایا ئێمە کە کوردی فەیلین و لەدەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستاندایین کەمینەین، ئەوە چ لایەنێکە کە بەپێویستی دەزانێت ئێمە وەك کەمینە لەعیراقدا ئەژمار بکرێین، ئەگەر ئێمە بەشێك بین لەشیعە، شیعە زۆرینەن لەعیراقدا هەروەها ئەگەر کوردیشین، ئەوا کورد نەتەوەی دووەمە لەعیراقداو کەمینە نین و جگەلەوەش تائێستا هیچ کوردێکی فەیلیم نەبینیوە بانگەشەی ئەوەبکات کە کورد نییە، دەمەوێت ئەو براو خوشکانەی لەهەوڵی ئەوەدان کوردە فەیلییەکان بکەنە کەمینە ئەو ڕاستیانە بزانن.

عەلی حسین فەیلی ئاماژەی بەوەشکرد، مەسەلەکە قسەکردنە لەسەر زوڵڵێکردن، زوڵمیش کەمینەو زۆرینە ناناسێت، ئێمە لەهاوڵاتییە باڵاکان بووین کەزوڵم بەرامبەرمان کرا، هەر بۆیە پێویستە ئەو دۆسییانە تێکەڵ نەکەین، تائێستاش فاکتەری ئاینی و نەتەوەیی دوو فاکتەری کاریگەرن لەسەر گۆڕەپانی عیراق و ئێمەش یەکێکین لە پێکهاتەکانی گەلی عیراق، جا ئەگەر کورد بین یان بەشێك بین لەشیعە.



عادل موراد



مەحمود عوسمان



ئەزهار ڕەمەزان



عەلی حسێن فەیلی

## گرنگیی زیاتر لە کوردی فەیلی

عەلی حسین فەیلی پرسیاری ئەوەی کرد کە ئەنجومەنی کەمە نەتەوایەتییەکان چ خزمەتێکی بەسەرجەم پێکهاتەکانی عیراق کردووە، سەبارەت بەو دەنگۆیانەش کە باس لەوەدەکەن کوردە فەیلییەکان خۆیان داوای ئەوەیان کردووە کە وەك کەمینەیەك ئەژمار بکرێن و نوێنەریشیان لەئەنجومەنی کەمەنەتەوایەتییەکاندا هەبێت، عەلی حسێن فەیلی پرسیاری ئەوەی کرد کەکێ مافی ئەوەیداوە بەمەرجەعیە بەناوی کوردە فەیلییەکانەوە لێدوان بدات و هەرخۆشیان هەستن بەدانانی کەسێك لەئەنجومەنی کەمەنەتەوایەتییەکانی عیراق بەناوی کوردە فەیلییەکانەوە، پرۆژەکانیان لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ زۆربەی ئەوانەی لەپرۆسەی سیاسیدا بەشدارن بەشێوەو ڕێگای جیاجیا بەرگری لەکێشەی کوردە فەیلییەکان دەکەن، بەبێئەوەی ئەو پشتیوانییانە گونجاوبن لەگەڵ یاساو دەستووری عیراقدا. هەمووان باشدەزانن کەئێمە زۆرینەین ئەگەر لەڕووی نەتەوەیی و مەزهەبیشەوە مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت، لەداهاتووشدا هەر لەوچوارچێوەیەدا داوای مافەکانی خۆمان دەکەین، بەڵام ئایا مافەکانی خۆمان بەدەستدەهێنین ئەگەر وەك کەمینە ئەژمار بکرێین؟!

پەرلەمانتار عەلی حسێن فەیلی قسەکانی ئاراستەی لێپرسراوە کوردەکان و شیعەکان کردو وتی: ئەمرۆ ئێوە لەریزی پێشەوەی ناوەندی بڕیارداندان لەعیراق و هەموومان چاوەڕوانی ئەوەتان لێدەکەین کەکێشەی کوردە فەیلییەکان بەکێشەی خۆتان بزانن و لێی تێبگەن، بەڵام تاوەکو ئێستا وەك پێویست گرنگیتان پێنەداوەو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەتان لەگەڵ کێشەی کوردە فەیلییەکاندا نەکردووە.

## شەهیدو قوربانی بۆ کوردستان

ئاسۆ کەریم ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش ڕایگەیاند، کوردە فەیلییەکان بەشێکن لەنەتەوەی کوردو پێویست ناکات بچینە ناو وردەکارییە مێژووییەکانەوە، شەهیدێکی زۆریانداوە لەپێناو کێشەی کورددا و هۆکاری سەرەکی کۆچکردنی بەزۆرە ملێشیان ئەوەیە کە کورد بوون، ڕاستە ئەوان سەر بەمەزهەبی شیعەن، بەڵام ئەوە تایبەتمەندییان پێنابەخشێت،چونکە فەیلییەکان کوردن و لەڕووی مێژوو و خاك و زمانەوە لەگەڵ برا کوردەکانیاندا هاوبەشن، بەڵام توێژێکی کەمینە دەیەوێت کوردە فەیلییەکان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بەکاربهێنێت، هەربۆیە پێویستە کوردە فەیلییەکان خۆڕاگر بن و بەرپرسیارێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەوڵانە بگرنەئەستۆ.

لەوەڵامی ئەوەی کە هەندێك دەڵێن هەڵوێستی حزبە کوردییەکان لاوازە بەرامبەر بەکوردە فەیلییەکان و ئەوەشیان وەك پاساوێك بەکارهێناوە بۆ بەرگریکردن لەفەیلییەکان و هەڵدان بۆ ئەژمارکردنیان وەك کەمینەیەك لەعیراقدا، ئاسۆ کەریم وتی: لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاورا نیم، کوردە فەیلییەکان لەزۆر ڕووەوە پیشتیوانی ڕاستەقینە دەکرێن، هۆکاری نیشتەجێبوونی کوردە فەیلییەکان لەبەغداو مەندەلی و خانەقین دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری جوگرافی و لەدەسەڵاتی سەرکردە کوردییەکاندا نییە، هەروەها حزبە کوردییەکان لەڕووی مادی و مەعنەوی و ڕۆشنبیرییەوە، گرنگییەکی تەواویان بەکوردە فەیلییەکان داوە، ئەمە سەرباری گرنگیدانێکی دیکەی لایەنی کوردی بەکوردە فەیلییەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆریان لەناو ڕێکخستنەکانی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

## ڕۆڵی گەورە

لەلایەکی دیکەوە، ئەزهار ڕەمەزان ڕەحیم ئەندامی پێشووی پەرلەمان ڕایگەیاند، کێ لەبیری چووەتەوە کە کوردە فەیلییەکان بەشێکی چالاك بوون لەکۆمەڵگەی کوردی و بەدرێژایی مێژوو ژمارەیەکی زۆریان بەشدارییان لەچالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و خەباتی بزووتنەوە کوردییەکاندا کردووە، بەو گۆڕانکارییانەشەوە کە لەدوای 2003دا لەسەر گۆڕەپانی عیراق ڕوویانداوە، هەموو لایەکیش دەزانن کە هەندێك لەحزبە سیاسییەکان چەند کەسایەتییەکی کوردە فەیلییەکانیان لەلیستەکانی خۆیاندا دانا لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، بۆئەوەی دەنگی کوردانی فەیلی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەگەر ئەوان دەیانەوێت خزمەت بەکوردە فەیلییەکان بکەن، بۆچی زۆربەی بڕیارەکان و ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشکەشی پەرلەمانیان کردووە، دژی کوردە فەیلییەکان بووە، پرسیاری من ئەوەیە بۆچی هیچ پۆستێکیان نەداوە بەو کوردە فەیلییانەی کە لەریزەکانی خۆیاندا جێگەیانکردوونەتەوە؟.

ئەزهار ڕەحیم ئاماژەی بەوەشکرد، هەندێك تێگەیشتنی هەڵەیە هەیە کە پاشماوەکانی ڕژێمی بەعس دەیانەوێت کوردە فەیلییەکان بکەنە کەمینە لەعیراقدا، لەکاتێکدا سەرجەم فەیلییەکان بەشێکن لەنەتەوەی کورد کە نەتەوەی دووەمە لەعیراقدا، ئیتر چۆن دەبێت ئێمە کەمینە بین، هەندێك لەو کەسانەش کە چوونەتە ناو ئەنجومەنی کەمە نەتەوایەتییەکان بۆئەوەی نوێنەرایەتی کوردە فەیلییەکان بکەن، لەڕاستیدا بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی ئەو کارەیان کردووە، ئەو حزبانەی هیچ دەستکەوتێك یان پۆستێکیان بەدەستنەهێناوە، ئەو ئەنجومەنە دوا مەنزڵگەیانە، داواکارم لەکوردە فەیلییەکان کە لەو ئەنجومەنە بکشێنەوە، چونکە ئێمە نەتەوەی دووەمین لەعیراقداو کەمینە نین، پێویستە ناکات نیگەران بین لەوبارەیەوە، وتیشی: ئێمە کورسی کۆتامان ناوێت، لەبەرئەوەی بەشێکین لەنەتەوەی کورد.

و: شاهۆ خوارەحم

سەرچاوە: سایتی دەزگای شەفەق

# نەوەی کوردە فەیلییەکان لەهەندەران پەرۆشی گەڕانەوەن بۆ نیشتمان

و: شاهۆ خوارەحم

نابێت چاوپۆشی لەوکەسانە بکرێت کە تۆمەتبارن بەکێشەی مافی هاوولاتیانی عیراق و هەروا تۆمەتبارانی دۆسێی فەیلییەکان.

زۆربــەی زۆری نــەوەی کــوردە فەیلییەکان کە لەو ولاتانەی کۆچیان بۆ کردوون لەدایکبوون، ئەمرۆ نەوەی دووەم و سێیەمی ئەو توێژە پێکدەهێنن کە لەمەودایەکی جواگرافیای فراواندا دابەشبوون و لەولاتی نەوریجی نزیك جەمسەری باکوورەوە درێـژ دەبنەوە بەرەو باشووری گۆی زەوی تادەگاتە کیشوەری ئوستراليا.



دوای ئاوارەیی، نەوەکان چاویان لەنیشتمانی خۆیانە

## پەیوەستبوون بەناسنامەی عیراقییەوە

نــەوەی دووەم و سێیەمی کــوردە فەیلییەکان زانـیـاریـیـان لـەبـارەی نیشتمانەوە نییە، تەنیا ئـەو زانیارییانەیان وەرگـرتـووە کە لەیادەوەرییەکانی دایك و باوکیاندا هەلگیراون لەبارەی ئەو رۆژگارانەی کە نیشتمان هیچ خۆشییەکی بۆ ئـەوان تـیـادا نـەمـابـووەوە، ئەویش بەدەستپێکردنی هەلمەتەکانی راگواستن و سەرنگوکردنیان لەلایەن رژێـمـی بەعسی فاشییەوە. کەسێکی نزیك لەخێزانی کوردە فەیلییەکان ئاماژەی بـەوەکـرد، کە یەکێك لـەو شتانەی سەرسامی کردبووین، پەیوەستبوونی کوردە فەیلییەکان بوو بەناسنامەی عیراقیبوونیانەوە، ئەمەش بەروونی لەئاشناکردنی نەوەکانیان بەلەهجە عیراقییەکان رەنگیدابووەوە، هەروەها دایـك و بـاوکـەکـان لـەبـەرچـاوی مـنـالـەکـانـیـانـدا بـەزمـانـی دایـك قسەیان دەکرد بۆئەوەی ئەو زمانەیان لەبیرنەچێتەوە، بەهەمان شێوەش لەگەل نەوەکانی دووەمیان مامەلەیان دەکـرد کە لەئێران لەدایکبووبوون. ئاماژەی بەوەشکرد، گرنگترین کاری کوردە فەیلییەکان لەهەندەران ئەوەیە کە تەئکیدیان لەرۆلەکانی خۆیان لەنەوەی دووەم و سێیەم کردووەتەوە کە ئینتمایان بۆ عیراق هەبێت و ئەو هەستە نیشتمانییەش بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بگوێزنەوە.

کــوردە فەیلییەکان سـەربـای بەدەستهێنانی نـاسـنـامـەی ئەو ولاتــانـەی تێیدا نیشتەجێبوون، بەلام نەوە جیاجیاکانیان تائێستاش لـەهـەولـەکـانـیـان بــەردەوامــن بۆ بەدەستهێنانی ئـەو ناسنامانەی عیراقیبوونیان دەسەلمێنێت.

## بەدواداچوونی مەسەلەکە

لەوبارەیەوە، ستار نەورۆز جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆچ لەوەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عیراق رایگەیاند: کوردە فەیلییەکان لەسەردەمی رژێمی رووخــاودا نـاچـاری ئـەو کۆچکردنە کـراون، ئێمە لـەوەزارەت پلانێکمان دارشتووە لەپێناو گێڕانەوەی سەرجەم رەگـەزنـامـە رەسمییەکان بۆ کـوردە فەیلییەکان لەنێوشیاندا رەگەزنامەی عیراقی، بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەك سەردانی خێوەتگەی ئاوارەکانی ئێرانی کــردووە، بەمەبەستی بـەدواداچـوون لەسەر ئەو مەسەلەیەو لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەش وەزارەت کۆمەلێك هەنگاوی گرنگ دەنێت.

سەبارەت بەبارودۆخی پەنابەرانی کــوردی فەیلیەکانی ئوسترالیاو کێشەکانیان لەگەل وەزارەتی کۆچی ئەو ولاتە، ستار نەورۆز رایگەیاند: لەگەل ژمارەیەك لەفەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئوستراليا کۆبوونەتەوە بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی کوردە فەیلییەکان، وتیشی: تایبەتمەندی کێشەی کــوردە فەیلییەکانمان بۆ روونکردوونەتەوەو باسی ئەوەشمان بۆ کردوون کە کاتێك کوردە فەیلییەکان عیراقیان جێهێشتووە هیچ شتێکیان لەگەل خۆیاندا نـەبـردووە تەنانەت ئــەو رەگــەزنــامــە رەسمـیـیـانـەش کە دەیسەلمێنێت هاوولاتی عیراقیبوون. لەبەرامبەریشدا وەزارەتــی دەرەوەی ئوسترالیا بەلێنیداوە کە وەزارەتـی کۆچی ولاتــەکــەی لـەوردەکـاری ئەو کێشەیە ئاگادار بکاتەوە.

## گەڕانەوەی رەگەزنامە

سەبارەت بەپێدانی رەگەزنامەی عــیراقــی بــەنــەوەی نــوێــی کــوردە فەیلییەکان، ستار نــەورۆز وتــی: لــەگــەل فــەرمــانــگــەی پــاســپــۆرت و رەگەزنامەی سەر بەوەزارەتی ناوخۆی عــیراق هەماهەنگیمان کــردووە، ئەوانیش پێشنیازەکانی ئێمەیان قبولکردووەو بەلێنیانداوە لەرێگەی یاسایی و ئسولییەوە بەدواداچوون بۆ ئـەو مەسەلەیە بکەن. وتیشی: ئێمە ئێستا لەهەولداین بۆئەوەی سـەرجـەم کــوردە فەیلییەکان ببنە خاوەنی رەگەزنامەی عیراقی، ئەمەش لەرێگەی بالیۆزخانەی ئەو ولاتانەی تێیدا نیشتەجێبوون. وتیشی: پێشتر پرۆژەیەکمان هەبووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە، بەلام سنورداری تواناکانمان ئاستەنگی زۆری بۆ دروستکردووین. سەرباری ئەوەش هێشتا هەولەکانمان بـەردەوامـە بۆ هاوکاریکردنی نـەوەی نوێی کوردە فەیلییەکان، تاوەکو ببنە خاوەنی بەلگەنامەی رەسمی عیراقی.

سەرچاوە:
سایتی دەزگای شەفەق

# کـــوردانـــی فـــەیـــلـــی لـــەمـــێـــژوودا

راپۆرتی:
بەهرۆز فەرەیدون

سەرچاوەکانی مـێـژوو، باسیان لە رەچەلەکی کوردانی فەیلی کردووەو زۆربەشیان تەئکید لە خالێك دەکەنەوە کەئەوان بەشێکن لەنەتەوەی کوردو لەبەشەکانی خـوارووی کوردستان ژیاون.

لەمبارەیەوە مەدحی مەندەلاوی دەلـێـت: مـێـژوو روونـی دەکـاتـەوە کەرۆژهەلاتی دیجلە جێگای کوردە فەیلیەکان بــووە، جگە لــەوەش زۆربـەی ئەو کوردانە لەشاری بەغدا کۆبوونەتەوەو ناوچەی تایبەت بەخۆیان هەبووە لەو شارە بۆ نموونە شۆرجە ناوێکی کوردییە بەواتای (شورە جا) کە بەواتای ئاوی سوێر دێـت، پاش کۆچکردنی عەرەب بۆ ئەو ناوچانە دواتر کورد لەناوچە شاخاوییەکاندا نیشتەجێبوون.

هەروەها د.کەیوان ئازاد پێی وایە کوردانی فەیلی مێژوویەکی کۆنیان لەعیراقدا هەیە، لەمبارەیەوە دەلێت: ئەگەر بگەرێنیەوە بۆ مێژوو بۆمان دەردەکـەوێـت فەیلیەکان قۆناغی جیاجیایان بـریـوەو لێکۆلینەوە مێژووییەکان پشتگیری لەوە دەکەن کـە فەیلیەکان کــوردی رەسـەنـی کوردستانن و لەکوردستاندا ژیاون، بـەلام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و دوای شـەری قادسیە لە 636ز، دوای ئەوەی کوردستان بە دەولەتی خەلافەتی راشدین بەسترایەوە، دوای ئـەو رووداوانـــەی کـە لەسەردەمی خەلیفەکانی راشدیندا روودەدەن، سـەرەنجام پـەیـرەوێـك دروستدەبێت بـەنـاوی پـەیـرەوی شیعە، لـێرەوە کــوردەکـانـی بـاشـوری کوردستان لەناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرەو جەسان تا دەگاتە ناوچەکانی کوردستانی ئێران، ئەم ناوچانە بەپێی نزیکییان لـەرووداوەکـان پشتگیری لەعەلی کوری ئەبی تالب دەکەن.

وتیشی: بەپێی قۆناغەکانی مێژوو ئەمانە کەکوردن، بـاوەر بەئاینزای شیعە دەهـێـنـن، بۆیە فەیلیەکان کوردن لەرووی نەتەوەییەوە و بەشێکن لەئاینزای شیعە لەرووی ئایینییەوە.

## راگوێزرانی کوردە فەیلییەکان لەمێژوودا

مــەدحی مــەنـدەلاوی ئـامـاژەی بەوەشکرد کەلەسالی 1941 پەنجا هەزار کوردی فەیلی لەمەندەلییەوە راگوێزران بۆ ئێران و بەشێوازێکی سیستماتیك عــەرەبــیــان هێنا تا لـەو ناوچانە نیشتەجێیان بکەن، لـەسـەردەمـی رژێـمـی لەناوچووشدا بەهەمان شـێـوە راگـواسـتن هەبوو لەناوچەکانی بەدرەو کوت و مەندەلی و خانەقین، بەمەبەستی سرینەوەی سیمای کوردانەی شوێنە کوردییەکانی خواروی عیراق، دەتوانین بلێین لەدوای بەیانی ئادار ئەو راگواستنە زۆرتر بوو لەسالی 1972 قۆناغێکی گەورەی راگواستن دەستپێکردو لەنیسانی ســالی 1980ش بــووە سیاسەتێکی هەمیشەیی و بەئاشکرا ویستیان کوردە فەیلییەکان لەشارەکانی عیراق دەرپـەرێـنـن و بۆ ئـەم مەبەستەش ژمارەیەك بریاریان دەرکرد بۆ نموونە بریاری 666 کەدەلێت: ئەوەی خۆی تەرخانەکردووە بۆ شۆرش و حزبی بەعس و شۆرشی 17ی تەمووز ئەوا بەعیراقی ئەژمار ناکرێت. دواتر بەشالاوێك نزیکەی 12 هەزار گەنجی فەیلی بێسەروشوێن کران کە تائێستا گۆرەکانیشیان نـەدۆزراوەتـەوە، جگە لەوەش دەولەمەندە فەیلیەکان مال و سامانیان دەستی بەسەردا گیرا.

مــەنــدەلاوی وتـیـشـی: حــەردان عبدالغفار کـە یـەکـێـك بـوو لە سەرکردەکانی بەعس، لە کتێبی یادگاریەکانی خـۆی دەلـێـت ئێمە دەسـتـمـانـگـرت بـەسـەر سـەروەت و سامانی کـــوردە فەیلیەکاندا. جگە لەوەش لەسالانی شەستەکاندا کوردە فەیلیەکان هاوکارێکی باشی شۆرشەکان بوون.

## رێژەی کوردە فەیلییەکان

لەبارەی زۆریی ژمارەی کوردانی فەیلییەوە، مەندەلاوی دەلێ: لەسالی 1970 بە شێوەیەکی فەرمی ئەوە بلاوکرایەوە کەرێژەی کوردی فەیلی لەشاری بەغدا زۆر زۆرە، بەشێوەیەك کە بەیانی ئادار دەرچوو شەقامەکانی بـەغـدا جـمـەی دەهـــات لـەکـوردی فەیلی، ئەمە یەکێکبوو لەهۆکارە گەورەکان کەحزبی بەعس دەستیکرد بەقەلاچۆپێکردنی کوردانی فەیلی.

باسی لەوەشکرد کەلەسالی 1991 ژمارەیەك لەکوردانی فەیلی گەرانەوە هـەرێـمـی کوردستان لەناوچەکانی سلێمانی و هــەولــێرو خانەقین و شارەکانی تر نیشتەجێبوون و لەسالی 1992 بریارێك لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچــوو کەرەگەزنامە بگەرێننەوە بۆ کوردانی فەیلی، بەلام کێشەی کوردە فەیلیەکان لەبەغدادەو ئەم کێشەیە چارەسەر نابێت تاوەکو وەزارەتــی کۆچ و کۆچبەران نەدرێتە کورد، چونکە بەوەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن کـوردەوە، کوردە فەیلیەکان زۆربەی کێشەکانیان چارەسەردەبێت.

# الكرد الفيليون وحزب البعث

## (1963-2003)




ئەم کتێبە لەلایەن د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر-ەوە نووسراوەو ساڵی 2004 لەلایەن مەکتەبی بیروهوشیاریی ی.ن.ك-ەوە چاپکراوە.

کتێبەکە رۆچۆتە وردەکاریی ژیانی کوردانی فەیلی و بەشێوەیەکی سەرەکیی باسی مێژوو و رۆڵ و هەروەها قورسایی ئەم پێکهاتەی نەتەوەی کورد دەکات لەبەغداو ئەو شارو ناوچانەی تێیدا ژیاون لەهەموو رووەکانی ئابووری، سیاسی، فیکری و کۆمەڵایەتییەوە. ئەوەش روونده‌کاتەوە کەلەگەڵ پەرەسەندنی شەپۆلی توندرەوی عروبە، دیاردەی مەینەتیی کوردانی فەیلی سەریهەڵداوە بەجۆرێك لەسەردەمی دووەمی حوکمرانیی بەعس (1968-2003)، بەعسیەکان وەك مەری قوربانی مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کردووە بۆ قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆیان.

هەروەها باس لەوەشدەکات کە هەردوو مەسەلەی هاووڵاتیبوون و رەگەزنامە، گرنگترین چەك بوون بەدەستی بەعسیەکانەوە بۆ چەوساندنەوەی کوردانی فەیلی و بێبەشکردنیان لەهەموو مافە مەدەنی و مرۆییەکانیان.

د.سەعد بەشیر ئەسکەندەر بەپشت بەستن بەچەندین سەرچاوەی عەرەبی و ئینگلیزی کتێبەکەی نووسیوەو لەچەند لایەنێکی گرنگی کوردانی فەیلی دواوە، گرنگترینیان ئەمانەن: باکگراوندێکی مێژوویی و خەسڵەتە فەرهەنگییەکانی کوردی فەیلی، بنەچەی کوردی فەیلی، مەسەلەی هاووڵاتیبوون و رەگەزنامەو تەبەعیەی عوسمانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەبەعیەی ئێرانی، ئاراستەی سیاسی و کەلتوری کوردانی فەیلی، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و رژێمی بەعس و رەهەندی فەیلی بۆ مەسەلەی کوردی.

لەم بەشانەی کتێبەکەیدا، د.سەعد وردەکاریی زۆر دەخاتەروو لەبارەی ئەو بڕیارو فەرمانانەی کەرژێمی بەعس دەریکردوون بۆ سەندنەوەی مافی هاووڵاتیبوون و رەگەزنامە لەکوردانی فەیلی بەتۆمەتی ناڕەوا کەهیچ بنەمایەکیان نەبووە.

# فەیلییەکان.. مێژوو و هۆزو کەلەپووری نەتەوەیی

## کتێبێکی هەمەگیر لەبارەی فەیلی و لوڕو توێژینەوە لەزێدو کۆچ و تیرەکانیان

**فەتحوڵڵا حوسەینی**

کتێبی (فەیلییەکان.. مێژوو، هۆزو رەچەڵەك، فۆلکلۆر، کەلەپوری نەتەوەیی)ی نووسەر نەجم سەلمان مەهدی فەیلی، فراوانترین لێکۆڵینەوەیە لەبارەی ئەو تایەفە کوردەوە کە بەلورو فەیلی ناودەبرێن، کتێبەکە بەگشتی هەمووشتێکی پەیوەست بەمێژووی فەیلییەکان دەگرێتەخۆی وەك ژیاننامەو کۆچ و کەلەپووری نەتەوەیی و چیرۆکی ئەفسانەیی و ئەفسانەی میللی (فۆلکلۆر)و هەوارگەکانی کۆچ و نیشتەجێبوون لەنێو وڵاتاندا.

جگەلەوەش کتێبەکە وەك ئەنسکلۆپیدیایەکی هاوشێوەی فەرهەنگێکی کۆکەرەوەیە بۆ ناوی هۆزو تیرە کوردەکان لەسەرانسەری بەشەکانی کوردستانداو رەچەڵەکی ئەو هۆزانەو باروگوزەران و خوو شوێنیان و هەوارگەی هاتۆچۆیان و سەردارەکانیان و بنەماڵە حوکمرانەکانیان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکترو دۆستایەتی و دوژمنایەتیان و شەرو پەلاماریان و سیفەت و خەسڵەتی جەستەیی تاکەکانیان و ناوبانگ و دەرکەوتنیان لەگشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەت و ئابووری و سیاسیدا.

کتێبەکە شایەدحاڵێکە بەبەڵگەنامەیە بۆ سەلماندنی رەچەڵەکی کوردی فەیلی بەدرێژایی مێژووی دوورودرێژیان و ئەو ناهەقی و ستەم و زوڵمەی لەسەردەستی حوکمرانەکان و دەوڵەتان دووچاری هاتوون، هەروەها کتێبەکە بەرپەرچی زۆرێك لەو قسەو قسەڵۆکانە دەداتەوە کە لەبارەی رەچەڵەکی فەیلییەکانەوە کراون، ئەو قسەو قسەڵۆکانەی زادەی چەند مەبەستێکی سیاسی بەرنامە بۆ دارێژراون.

چونکە زۆرجار گومان لەبارەی باری نەتەوەیی کوردی فەیلی ورووژێندراوەو دەوروژێندرێت و هەندێك کەس گومانیان لەوە هەیە ئەوانە سەر بەنەتەوەی کوردبن، لەپێشەوەی ئەو مەبەست و هۆکارە سیاسییانەشدا پەرتەوازەبوونی نەتەوەی کوردە لەدوای کێشانی سنووری نێودەوڵەتی لەناوجەرگەی نیشتمانی گەورەدا، ئەو دەوڵەتانەی پاش جەنگی یەکەمی جیهان پەیدابوون ئاراستەیەکی توندیان هەبوو بەوەی ژمارەی کوردو بەمپێیەش رووبەری خاکەکەیان کەم بکەنەوەو نیشتمانی رەسەنیان لەرووی دیمۆگرافییەوە بگۆڕن، بۆیە لەبەرژەوەندی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران و چەند لایەنێکی دیکەدا بووە کە لور بەتایبەتی کوردی فەیلی لەچوارچێوەو ئامێزی نەتەوەی کورد بهێننە دەرەوە لەرێگەی گرێدانیان و حسابکردنیان لەسەر نەتەوەی عەرەب یاخود گەراندنەوەیان بۆ رەچەڵەکی ئێرانی یان لکاندنیان بەنەتەوەی دیکە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراوی بێ پەردە.

بۆیە فاکتەری سیاسی لەهەوڵی هێنانەدەرەوەی کوردی فەیلی لەنەخشەی نەتەوەی کورد، فاکتەرێکی روون بووە لەدژی کورددا.

لەم رووشەوە لەکتێبەکەی (ئەدمۆندز)دا کەناوبراو کۆڵەگەیەکی سەردەمی ئینتیدابی ئینگلیزبوو لەعێراقدا، دەستەواژەیەك هاتووەو دەڵێت: رێگای سوڵتانی نێوان کرماشان و کەرەند بەدوایدا هێڵێکی راست دێت کە لەمەندەلی کۆتایی دێت ئەمەش هێڵی جیاکەرەوەی نێوان وڵاتی کوردو لورو لەکە خزمەکانیانە، کەبەبەشێك لەگەلی کورد لەقەڵەم دەدرێن.

بێگومان یەکێك لەئامانجەکانی ئەدمۆندز کەناوبراو رۆڵێکی گەورەی لەپلاندانان بۆ لەناوبردنی شۆرشی شێخ مەحمودی حەفیدو دەوڵەتەکەیدا هەبووە، ئەوە بووە بەحوکمی پۆستەکەی لەرێژەی بوونی کوردی فەیلی لەسەر خاکی عێراقدا کەم بکاتەوە ئەویش لەرێگەی حاشاکردن لەباری نەتەوەییان بەگوێرەی ئەو سیاسەتەی بەریتانیا کەئەو دەم لەئارادابوو، ئەو سیاسەتەی کەدواتر لەعێراقدا جێگیربوو.

بەجۆرێك حاشای لەعێراقیبوونی لورەکان کردو لەرەگەزنامەی نوێی دەوڵەتەکە بێبەشی کردن، هەروەك بەهاووڵاتیانی ئێرانی لەقەڵەمیدان کەبەهۆی رایەڵەی تیرەگەری نەك لەبەر شتێکی دیکە بەرەو عێراق هاتوون، وەك بڵێین حاشا لەئینتیمای نەتەوەییان لەرووی مێژووییەوە بکات تاوەکو بەوێنەی کۆمەڵێك تیرەی کۆچەری بێ خاك بمێننەوە.

دوای مۆرکردنی پەیماننامەی (لۆزان) لەساڵی (1923) لەجیاتی پەیماننامەی (سێڤر) کەبووە یەکێك لەپەیماننامە مردووەکان لەنێوان هاوپەیمانان و حکومەتی نوێی تورکیا لەدوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانیدا، مەسەلەی رەگەزنامەی عێراقی و تورکی چارەسەرکرا، ئەوەبوو هاووڵاتیانی عوسمانی لەنێوان دوو رەگەزنامەدا سەرپشککران، واتە رەگەزنامەی عێراقی و تورکی، بەڵام بەئەنقەست رەگەزنامەی هاووڵاتییە فەیلییەکان پشتگوێ خرا کە لەزۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتی نوێدا بڵاوببوونەوە.

### رابوونی هەستی نەتەوەیی کوردی فەیلی

رابوونی هەستی بەهێزی نەتەوەیی کوردی فەیلی لەعێراقدا وەك کاردانەوەیەك بووە بەرامبەر رابوونی هەستی نەتەوەیی تاکی ناسیۆنالیستی عەرەب لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەست بووە بەو ئازادییە سیاسییە رێژەییەی کە گەلی کورد لەعێراقدا پاش نەمانی سەردەمی پاشایەتی و هاتنی سەردەمی نوێی کۆماری هەیانبووە.

ئەوسا پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەغدای پایتەخدا چالاکییەکی بەرچاوی هەبوو، ئەوەبوو زۆرێك لەکوردە فەیلییەکان بەجۆش و خرۆشەوە چوونە ریزی حزبەکەوەو بەشێوەیەکی ماددی و مەعنەوی بەشدارییان لەچالاکییەکانیدا کرد.

کوردی فەیلی لەبەغدا پێگەی ئابووری گرنگ و میحوەریانەی خۆیان هەبوو، چونکە بەهەوڵ و کۆششی بێوچانی خۆیان سەنتەرە بازرگانی و ئابوورییەکانیان لەسەرانسەری بەغدا داگیرکردبوو و کۆنترۆڵی بزاڤی بازرگانیان کردبوو، هەروەك گەرەکێکیان لەبەغدا هەبوو کەگەرەکێکی گەورەیەو بەگەرەکی کوردان (حەی ئەکراد) ناسراوە، بەڵام لەکودەتای (8)ی شوباتی ساڵی (1963)دا ئەو گەرەکە بوو بەمەیدانی شەرێکی گەورە، چونکە پێشتر ئەو گەرەکە لەمیانی پەلامارێکدا کەعەبدولکەریم قاسم کردی دووچاری درەندەترین کردەوەی پاکتاوکردنی جەستەیی هات، ئینجا زۆری نەخایاند کەتەواوی گەرەکی کوردان لەچوارشەوو چوار رۆژ لەلایەن سوپاوە گەمارۆدراو بەتۆپ و راجیمە بۆردومان کراو سەدان کەس لەو پەلامارەدا کوژران، بەبیانووی ئەوەی کوردی فەیلی پاشکۆی ئێرانن، بەمپێیەش وەك سیاسەتێکی رەگەپەرستانە ئەم توێژەی کورد لەرووی نەتەوەیی و تایەفی و ئابوورییەوە لەکۆڵ کرانەوە.




### کەوتنە ژێر گرانباریی ململانێی دەوڵەتان

کوردی فەیلی مێژوویەکی پڕ تراژیدیاو کارەسات و ناهەقییان هەیە، بەجۆرێك مەینەتی زۆریان بەدەست شوێنەواری ململانێی دوورودرێژی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فارسیدا چەشتووە، زۆرێکیان (بەشێك لەعەرەبەکانیش) رەگەزنامەی ئێرانیان هەڵبژارد بۆئەوەی لەعەسکەریکردن لەریزی سوپای تورکدا دەربازیان بێت، لەمێژووی نوێشدا لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق-ئێراندا هەمان شت دووبارە بووەوە، ئەوەبوو زۆرێکیان بەرەو ئێران رایانکرد تاوەکو لەعەسکەریکردنی ئیجباری لەریزی سوپای عێراقدا دەربازیان بێت، ئەمەش وایکرد کەفەیلییەکان لەعێراق باجێکی قورس بدەن و ئەم کارەش ببێتە هۆکارێکی دیکەی چەوساندنەوەیان.

زۆرێك لەچاودێرانی سیاسی لەسەر ئەوە کۆکن کەماوەی رەشی مێژووی کوردی فەیلی لەساڵی (1970)وە دەستپێدەکات تاوەکو ساڵی (1988)، بەجۆرێك رژێمی لەناوچووی عێراق چەندین جۆر چەوساندنەوەو تاوانی نێودەوڵەتی دەرهەقیان پەیرەوکرد، وەکو پەیرەوکردنی سیاسەتی بەزۆر راگواستن و شوێنبزرکردنی هەزاران کەسیان، تەنها تاوانیشیان ئەوەبوو چونکە نەتەوەی کوردو بەمەزهەب شیعەبوون، سەرەنجام خێزانە فەیلییەکان راگوێزران دوای ئەوەی دەست بەسەر ماڵ و موڵك و بەڵگەنامە شەخسییەکانیاندا گیرا وەك: رەگەزنامەی عێراقی، ناسنامەی باری شارستانی، دەفتەری خزمەتی سەربازی، مۆڵەتی شۆفێری، ناسنامەی ژووری بازرگانی سەبارەت بەبازرگانەکان، ناسنامەی ژووری پیشەسازی عێراقی سەبارەت بەخاوەن پرۆژە پیشەسازییەکانیان، بەڵگەنامەی موڵکدارێتی بڕوانامەی خوێندنگەو زانکۆ.

کتێبەکە پاش رووناکی خستنەسەر هەموو ئەو شتانە، ناوی فەرمانڕەوا فەیلییەکان لەلورستان و ئیلام و کورتەیەك لەبارەی دەوڵەتی ئەتابەکی خورشیدی و حکومەتی تەخودی لەعێراقدا باس دەکات، بەجۆرێك لەساڵانی (1524-1530) دا زولفەقار حوکمی زۆربەی ناوچەکانی عێراقی کردووە، ناوبانگیشی (تەخود) بووە کەرەچەڵەکەکەی بۆ تایەفەی لەکیی فەیلی تەخود دەگەڕێتەوە، هەروەها باسی ژمارەی هۆزو رەچەڵەکی فەیلییەکان لەلورستان و عێراقی عەجەم و حوکمڕانە ناودارەکانی کوردی بەختیاری دەکات، وێڕای رۆڵی حکومەتی دێرینی فەیلی لەبەسرەدا.

کتێبی (فەیلییەکان. مێژوو، هێزو رەچەڵەك، فۆلکلۆر، کەلەپووری نەتەوەیی) بەکتێبێکی مێژووی وردبین لەقەڵەم دەدرێت، دەتوانین وانـاوزەدی بکەین کەفراوانترین لێکۆڵینەوەی سەرچاوەییە کەتائێستا لەبارەی کوردی فەیلی لەعێراقدا نووسرابێت گەر نەڵێین بەحەق یەکێکە لەگرنگترین سەرچاوەکان کەباسی مێژووی کوردی فەیلی و کەلەپورو ژیان و ئەفسانەکانیان دەکات، جگەلەوەش کتێبەکە کە بەتێروتەسەلی باسی جموجوڵی هۆزو تیرەکان و رەچەڵەکیان لەئێران و عێراقدا دەکات، بۆیە کتێبەکە لەکرۆکی ئەم کێشەیە دەکۆڵێتەوەو لەپیلانی ئەو کەسانە ورد دەبێتەوە کەرەچەڵەکی کوردی فەیلییان شێواندووە، لەم بوارەشدا پشت بەبیروڕای چەندین توێژەرەوە دەبەستێت لەگەڵ کۆمەڵێك شایەدیدان و بەڵگەنامەو وێنە کەسەردەمی جێگیربوون و کۆچ و کۆچباریان روون دەکەنەوە.

**ناوی کتێب: الفيليون.. تأريخ، قبائل وأنساب، فلكلور، تراث قومي.**
**نووسەر: نجم سلمان مهدی الفیلی.**
**پێداچوونەوە: جرجيس فتح الله**
**بڵاوکەرەوە: دەزگای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ئاراس-هەولێر.**

# دابونەریتی کوردە فەیلییەکان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا


نەزیرە ئیسماعیل کەریم

و: شاهۆ خوارەحم


هەموو میللەتێك دابونەریتی تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لەمیللەتانی دیکەی دنیا، کە ئەو جیاوازییەش لەشێوەو هەڵسوکەوت و بوارە رۆشنبیری و مێژووییەکەیدا دەردەکەوێت، سەرباری تێکەڵاوبوونیشی لەگەڵ گەلانی دیکەدا. کوردە فەیلییەکانیش وەك بەشێك لەنەتەوەی کورد دابونەریتی تایبەت بەخۆیان هەیەو جیاوازە لەکوردەکانی دیکەو عەرەب و هەندێکیشیان دابونەریتی هاوشێوەیان هەیە.

هەموو لایەکیشمان دەزانین کە لەبەشی یەکەمی سەدەی رابردوودا بەغدا لەرووی کۆمەڵایەتی و خۆماڵییەوە شێوەو سیفەتی جیاجیای هەبووە کە جیاوازە لەگەڵ سەردەمی ئێستا، ئەو کەشوهەوایە تائێستاش لەلای ئەوکەسانە ماوە کە ژیان و سەردەمەکەیان تام و رەنگێکی تایبەتی هەبوو، هەروا پڕبوو لەچاکی و سادەیی و دۆستایەتی و دووربوو لەمامەڵەی ناشرین و ناپەسەند، ئەو خەڵکانە بەشێوەیەکی جوان و ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ یەکتردا دەکردو گیانی لێبوردەیی لەناویاندا جێگیر بووبوو، کە ژمارەیەك لەژنان و پیاوانی ئێستا بەداخن بۆ ئەو رۆژگارانە، سەرباری ئەوەی کە سەردەمی ئێستا سەردەمی پەیوەندییە ئەلکیترۆنییەکانەو زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی رۆژانە بۆ هەموو لایەك دەستەبەرکراوە.

## گەڕانەوە بۆ رۆژانی منداڵی

یەکێك لەو کوردە فەیلییانەی کە تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵی تێپەڕاندووە، لەکاتی گێڕانەوەی سەردەمی منداڵی و گەنجێتی خۆی لەشاری بەغدا ئاماژە بەوەدەکات کە دایك و باوکی و ئامۆژنەکانی باسی هەندێك دابونەریتیان بۆ کردووە کە زۆربەی کوردە فەیلییەکانی ئێستا ئەو دابونەریتانەیان بیرچووەتەوەو گرنگیشیان پێنەداوە، هەرچەندە کە مافێکی شەرعی خۆیانە، وتیشی: لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا ژنانی کوردە فەیلییەکان پێکەوە تەنورێکیان گەرمەدەکرد بۆ سەرجەم ئەو خێزانانەی کە لەخانووە کۆنەکاندا پێکەوە دەژیان، لەکۆتایی نانکردنەکەشدا گونکێکی بچووکیان دەخستە ناو تەنورەکەوە کە پێیان دەوت (پەپك)، ئەمجۆرە نانە هاوشێوەی نانی لوبنانییەو دەبووە بەشی یەکێك لەئەندامانی خێزانەکە، دوای تەواوبوونی نانکردنەکەش سەرجەم خەپلەکان بەسەر تەواوی ئەندامانی خێزانەکەدا بەباوکیشانەوە دابەشدەکرا، لەکوردەوارییدا دەڵێن ئەگەر هەرکەسێك پەپك بووە بەشی مانای وایە ئەو کەسە سەرچاوەی بژێوی و خێرو بەرەکەتە بۆ ئەو خێزانە، هەر لەو رووەشەوە ئەگەر ئەو پەپکە ببوایەتە قسمەتی هەر منالێك لەو خێزانە، ئەوا باوك ودایکی ناوچاوانی منداڵەکەیان ماچ دەکردو دیارییەکیان پێشکەش دەکرد، کە بەزۆری پارچە قوماشێکی نوێ یاخود ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتون دەبوو ئەگەر ئەو کەسە کچ یاخود ژنی ماڵەکە بووایە.

## ئامادەکاری بۆ جەژنی نەورۆز

یەکێکی دیکە لەدابونەریتی کوردە فەیلییەکان ئەوەیە کە خێزانی کوردە فەیلییەکان دەر رۆژ بەر لەهاتنی جەژنی نەورۆز ئامادەکاری پێویست بۆ پێشوازیکردن لەو جەژنە دەکەن، لەو چوارچێوەیەشدا ژنانی کورد بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە گۆزەی بچووکیان ئامادە دەکردو کەمێك گەنمیان



دەکردە ناو پارچە قوماشێکی خامی سپی و بەدەمەوانەی گۆزە بچوکەکانەوە پەیوەستیان دەکرد، بۆئەوەی بەدرێژیی ئەو جەژنە سەوز ببووایەو گەشەی بکردایە، چەند سەعاتێکیش بەر لەکۆتایهاتنی ساڵ و دەستپێکردنی ساڵی نوێ، ژنانی کوردە فەیلییەکان سینیەك خواردنیان ئامادە دەکرد کە دەنکە کونجی و کشمیش و بادام و گوێزو پەنیرو کاهوو چەند شتێکی دیکەی وەکو خەنەو مۆم و گوڵە یاسیان لەسەر دادەناو بەناو خۆیاندا دەیانگێڕا، هەروا کچەکانیش خەنەیان لەدەست دەگرت و جلوبەرگی نوێشیان لەبەردەکرد.

لە13ی مانگی یەکەمی ساڵی نوێی کوردی کە دەکاتە رۆژی دووی نیسان، ژنانی کورد دەستیان دەکرد بەدروستکردنی خواردنی کولێرە بەقیمە (نان بەگۆشت)و دەستە دەستە خێزانەکان لەژنان و پیاوان روویان دەکردە دەشت و دەرو سەوزەڵانی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و لەهەمانکاتیشدا دەچوونە کەنارەکانی رووباری دیجلەو ئەو گۆزە بچوکەیان هەڵدەدایە ناو ئاوەکەوە کە رەنگە سەوزەکەی تائەوکاتە زەرد بوو بوو، بەمەبەستی ئەوەی شەپۆلەکانی ئاوەکە خراپەکارییەکانی ئەو ساڵە لەگەڵ خۆیدا بەرەو شوێنێکی دیکە دوور بخاتەوە، هاوکات تەختەدارێکیان دەخستە ناو ئاوەکەوە کە چەند مۆمێکیان لەسەری دادەگیرساندو هیوایان دەخواست ساڵی نوێی خێرو خۆشی بەدوای خۆیدا بهێنێت.

## پێشوازیکردن لەمیوانەکان

لەوەرزی بەهاردا، کورو کچ و خزم و کەسوکاری کوردە فەیلییەکان کە لەکوردستان بوون، بەمەبەستی سەردانیکردن دەهاتنە بەغداو بێگومان ماوەی چەند رۆژێك لەماڵی کوردە فەیلییەکان لەناوەراست و باشووری عیراق دەمانەوە، دایکی ژن کە لەکوردەواریدا پێدەوترێت خەسو بەپەلە دەرگای لەمیوانەکانی دەکردەوەو پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرن، چونکە لەکوردەواری خۆماندا خەسو رۆڵێکی گرنگی هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ناوخێزاندا. پاشان کاروبارەکانی ناوماڵ دەستپێدەکرد یەکێك سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن دەبوو، ئەوی دیکە هەویری دەشێلا بۆ نان کردن و سێیەمیش برنجەکەی دەشۆردەوەو ئامادەیدەکرد بۆ لێنان، ئەم کارە ئاسان نییە، چونکە دەبێت بەجوانی برنجەکە لەناو هەردوو لەپی دەستدا بشۆردرێتەوە تاوەکو دەنکە برنجەکان توێکڵیان پێوە نەمێنێت، لەم کاتەدا پیاوەکان لەژووری تایبەتیدا دادەنیشتن و قسەوباسیان لەبارەی ئەو زەمانە دەکرد کە هەموو کاتەکانیان بەخۆشی بردووەتەسەر، پاش شتنەوەی برنجەکە لەسەر ئاگر لێدەنراو لەگەڵ تشریبی گۆشت یاخود قاورمە پێشکەش بەمیوانەکان دەکرا، کە پیاوەکان لەژووری پیاواندا دادەنیشتن و ژنەکانیش لەژووری ژناندا دادەنیشتن.

ژنانی ماڵەکە ئەرکی شتنی جلوبەرگی ئەندامانی خێزانەکەو کۆکردنەوەو شتنی قاپ و قاچاغەکانیان لەئەستۆدا بوو، بێگومان هەندێك لەخێزانی کوردە فەیلییەکان لەوکاتەدا چێشخانەی تایبەتیان نەبوو، بەڵکو ژنانەکان لەسەر تەباغی نەوت لەباڵکۆنەکاندا چێشتیان لێدەنا، سەرباری ئەوەش ژنان ئیشوکارەکانی بازاریشیان ئەنجامدەداو بەهۆی نزیکی بازارەگانەوە، رۆژانە هەر شتێکیان پێویستبووایە دەچوونە ئەو بازارانەو کەلوپەلەکانیان دەکری و دەگەرانەوە ماڵەوە، پیاوەکانیش سەرقاڵی ئیشوکار بوون و بەیانیان دەچوونەسەر کارەکانیان و نیوەروانیش بۆ نانخواردن دەگەرانەوە ماڵەوە، خێزانەکانیان لەسەر سینییەك خواردنیان بۆ ئامادەدەکردن و پێشکەیان دەکردن، بەشێوەیەکی گشتی پیاوەکان بەتەنها نانیان دەخوارد، بەڵام ئەگەر یەکێك لەمنداڵەکان پێگەیشتووبووایە دەیتوانی لەگەڵ باوکیدا نان بخوات، دوای تەواوکردنی ژەمی نیوەرۆ باوکەکە بۆ ماوەی سەعاتێك سەرخەوێکی دەشکاندو دواتر دەگەرایەوە سەر کارەکەی و هەتاوەکو ئێوارە نەدەگەرایەوە. لەماوەی ئەو چەند سەعاتەشدا کە پیاوان لەماڵەوە نەبوون ژنان پێکەوە لەباڵکۆنی یەکێك لەماڵەکاندا کۆدەبوونەوە بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان بەقسەکردن و ئەنجامدانی هەندێك کاری دەستی وەك لێفە دروستکردن و چینی دەگمەن و ناوازەو چنینی فەرش.

## دابونەریتی خێزانەکان

بەپێی عادەت خێزانی کوردە فەیلییەکان لەوەزری زستان و پایزدا لەناو باڵکۆنەکاندا نانی ئێوارەیان دەخوارد، بەڵام لەوەرزی هاویندا بارووەخەکە جیاواز بوو، ژنان پێش بانگی ئێوارە دەستیان بەئیشکردن دەکردو شووتییەك یاخود کاڵەکێکیان لەت دەکردو لەسەر سینییەك لەسەکۆیەکی بەرزدا دایان دەنا لەگەڵ گۆزەیەکی پڕ لەئاو کە دەمەوانەکەی بەخامێکی سپی دەبەسترا، بۆئەوەی زیاتر ئاوەکە سارد بووایە، پاشان خێزانەکە لەسەر حەسیرێك کە لەحەوشەی ماڵەکە لەبەردەم باڵکۆنەکەدا دادەخرا، دادەنیشتن و دەستیان دەکرد بەنان خواردنی ئێوارە، دواتر خواردنی چای ئامادەکراو بەخەڵوز لەسەر ئاگردانێکی تایبەت. پاشان هەریەکەو بەلایەکدا دەرۆیشتن بۆئەنجامدانی ئیشوکارەکانی شەوانیان، زۆربەی کاتیش سەردەکەوتن بۆسەر سەکۆکە بەمەبەستی خواردنی شوتی و کاڵەکی سارد. دواتر جێگەی خەوتن لەسەر سەکۆکەو نزیك لەشوێنی گۆزە ئاواکە رادەخراو جێگەی خەوتنی پیاوان لەشوێنك و ژنانیش لەلایەکی دیکەی نزیك لەوانەوە دادەخرا، دوای ئەوەی سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە کۆدەبوونەوەو پارچەیەك بوردەی گەورەیان لەقوماشی خامی سپی لەرێگەی حەبلەوە هەڵدەدا کە بەشێوەیەکی چوارگۆشە دوورابوو لایەکیشی کراوەبوو بۆ هاتوچۆکردن، بەمەبەستی رێگرتن لەمێش و مەگەزو سەیرکردنی دراوسێکانیان.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وەرزی زستان کەشوهەوا وردە وردە گۆرانکاری بەسەردا دەهات و خێزانەکانیش سەکۆکانیان چۆڵدەکردو دەستیان دەکرد بەئامادەکارییەکان بۆ پێشوازیکردن لەوەرزی زستان، بۆئەومەبەستەش خەڵوزو داریان دەکری و لەژێرخانی ماڵەکانیاندا هەڵیان دەگرت، وەرزی زستان کەشوهواکەی جیاوازبوو لەگەڵ وەرزی هاویندا لەرووی جموجۆڵ و ئیشکردنەوە، ئەمەش بەهۆی سەرمای توندو نەبوونی ئامێری گەرمکەرەوەو پشتبەستنیان بەئاگری سۆپای دار، ئەندامانی خێزانەکە زۆربەی کاتەکانیان لەژوورەکانی ناوەوەی ماوەڵەکەدا بەسەر دەبرد کە گەرمتر بوو لەباڵکۆنەکە، یەکێك لەپیاوە بەتەمەنەکانی کوردە فەیلییەکان ئاماژە بەوەدەکات کە وەرزی زستان سەرباری سەرماوسۆڵەکەی جەوەکەی خۆشتربوو لەوەرزەکانی دیکە، جوانییەکەشی لەوەدابوو کە لەکەشوهەوایەکی گەرمدا لەماڵەوە دادەنیشتن، پیاوەکان بەدەگمەن لەماڵەوە دەچوونە دەرەوەو پێکەوە لەژووری تایبەت بەپیاواندا کۆدەبوونەوە، ژنانیش لەژووری تایبەت بەخۆیان دادەنیشتن و چیرۆکی کۆن و مەتەڵیان دەگێڕایەوە کە پێشتر لەپیاوان و ژنانی گەورەتر لەخۆیان بیستبوویان یاخود باسی هەواڵی گەرمی رۆژیان دەکرد، منالانیش لەنێو خۆیاندا چیرۆکی ترسناك یاخود چیرۆکی شاپەریان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. لەبەرئەوەی وەزری زستان سەرماو سۆڵەیەو هاتوچۆ کەمێك زەحمەتە، هەربۆیە خواردنەکانی وەرزی زستان چەند جۆرێك شۆربایە لەوانە، شۆربای ترخێنە، ماش، نیسك، تەماتەو چەند جۆرێکی دیکە، هەروا خواردنی شۆربای ماش بەبرنج و قارچك و ئامادەکردنی قاورمە لەبری گۆشت، تشریبی تەماتەو مریشك سەرباری چەندین جۆری ماسی، هەروەها خواردنی تشریبی پاقلە بەهێلکەی سورکراوە لەناو رۆندا، هەرچی برنج و گۆشتاویشە بەزۆری لەرۆژانی هەینیدا لێدەنرا.

دوای نانی ئێوارەش گریاندەدایە ئاگردانەکە لەناو باڵکۆنەکەداو قۆرییەکی سیرامیك (فەرفوری) پڕ لەچاییان دەکردە ناو ئاگردانەکە.

## رۆژووگرتن لای کوردە فەیلییەکان

سەبارەت بە رۆژوو-ش لەناو کوردە فەیلییەکاندا، چەند جۆرێك رۆژوو هەیە لەوانە: رۆژووی زەکەریا، ئەمجۆرە رۆژووە دەبووایە بەدرێژایی رۆژەکە واتە لەبەیانییەوە تاوەکو کاتی بانگی ئێوارە بەرۆژوو بوونایە، سینییەك خواردن کە بەزۆری بەمریشکی برژاوو برنج دەرازێنرایەوە بۆ بەربانگ ئامادەدەکراو لەسەر سینییەکە مۆم و بوخوردو ئاوی بیرەکانی مزگەوتی گەیلانی بەغدایان دادەنا.

رۆژوی شا پەرییان، ئەم جۆرە رۆژووەش لەداوی رۆژووی زەکەریا دەست پێدەکات و تاوەکو نیوەی رۆژەکە بەرۆژو دەبوون و رۆژووەوان لەدوای بانگی نیوەرۆ رۆژووەکەی دەشکاند، بەهەمانشێوەی رۆژوی زەکەریان سینیەك خوارد بۆ کاتی بەربانگ ئامادەدەکرا. رۆژووی بێدەنگ، ئەمجۆرە رۆژووەش هەروەك رۆژووی شاپەرییان وایە، تەنها جیاوازییەکەی ئەوەیە کە لەم رۆژووەدا رۆژووەوان تەواو بێدەنگ دەبوو و بەهیچ شێوەیەك قسەی نەدەکرد تاوەکو دوای بەربانگ، بەزۆری ژنان ئەمجۆرە رۆژووە دەگرن و رۆژووەکەشیان بۆ جێبەجێکردنی نەزرێکی تایبەتە. رۆژووی مانگی رەمەزانی پیرۆز، ژنان و پیاوان یەك مانگی تەواو بەرۆژوو دەبوون و منداڵانیش تاوەکو نیوەرۆ، ئەو ساڵانەی مانگی رەمەزان دەکەوتە وەرزی هاوینەوە، رۆژو گرتن زۆر گران دەبوو، بەهۆی تینی گەرماو درێژی ماوەی رۆژ لەو وەرزەدا. هەفتەیەك پێش تەواو بوونی مانگی رەمەزان و دەستپێکردنی جەژن، سەرۆك خێزان کورو کچەکانی دەبردە بازار بۆئەوەی جلوبەرگی نوێیان بۆ بکرێت، بۆ کچەکان جلی ئامادەکراو یاخود قوماشی بۆ دەکرین و لەلای یەکێك لەبەرگدرووەکانی ناوچەکە دەیدا بەدروین بۆیان، بۆ کورەکانیش شەرواڵ و کراسی بۆ دەکرین، لەرۆژی عارفەشدا کچان بەکۆمەڵ دەچوون بۆ گەرماوی (سەرگوڵ) لەناوچەی باب شێخ لەبەغدا، ئەو جلوبەرگانەی هەڵیان گرتبوو، لەسێ پارچە خاولی پێکهاتبوو کە قەبارەیان لەیەکتر جیاوازبوو، یەکێکیان بۆ سەروملیان دووەمیان بۆ سەر شان و سێیەمیشیان کە پارچە گەورەکەیان بوو سەرجەم جەستەیان بوو.

کاتێك کچەکان دەچوونە ناو گەرماوەکەوەو جلوبەرگەکانیان دادەکەن و پارچە قوماشێکیان لەجەستەیانەوە دەئاڵاند کە پێیان دەوت (پەشتەماڵ)، بەڵام کچە بچووکەکان بەجلەکانی ژێرەوەوە دەمانەوە کاتێك لەگەرماوەکەدا خۆیان دەشت.

**سەرچاوە: سایتی گلگامێش**

2010/10/13




خاوەنی ئیمتیاز

د. فوئاد مەعسوم

سەرنووسەر

ستران عەبدوڵلا

سەرپەرشتیار

کاروان عەلی

دۆسیی کوردانی فەیلی

ساڵی نۆزدەهەم - ژمارە ( 5341 ) سێشەممە ( 30/ 11 / 2010 )

دۆسییەی کوردانی فەیلی، دۆسییەکی تایبەتی کوردستانی نوێ-یە بەبۆنەی راگەیاندنی حوکمی کۆتایی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقەوە بەسەر تاوانبارانی راگواستن و شوێنبزرکردنی کوردانی فەیلی